
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5871) پێنج شەممە 14ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

نێچیرڤان بارزانی و عەبدولمەهدی دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

سەرۆکی هەرێم پشتگیریی هەوڵێری بۆ هەنگاوەکانی عادل عەبدولمەهدی بۆ سەقامگیری و چاکسازی دەربڕی



نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم سالح جەخت لە ئارامی و سەقامگیریی عێراق دەکەنەوە

لە بەردەوامیی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/11/13 لە کۆشکی کۆماریی سەلام لە بەغدا کۆبوونەوە.
سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک بەرهەم سالح دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراقیان تاوتوێ کرد و جەختیان لە گرنگیی ئارامیی و سەقامگیری لە وڵات و فەراهەمبوونی ژینگەیەکی باشتر بۆ هاووڵاتییان کردەوە.



یادی چلەی ماتەمینی پڕۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری پڕۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵدا

د. عیزەدین کەسایەتییەکی ناسراو و هەڵکەوتووی بواری ڕۆشنبیری و سیاسییەو پسپۆڕو شارەزایەکی بە ئەزموون و گەورەی ئەکادیمیی بواری ئەدەب و ڕێزمانی کوردییە، هەمیشە و لە هەموو سەردەمێکدا جێ دەستی دیاربووە و خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی کردووە، جگە لەوانەیش وەک کەسێکی چاکەخوازو چاکسازو هەڵگری ئالای تەبایی و برایەتیی نێوان ڕیزەکانی گەلی کورد ناسراوەو پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پێکهاتنەوەی ڕیزەکانی نێو بزووتنەوەکانی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا.

ئەنجوومەنی وەزیران چاکسازییەکانی پێشمەرگە تاوتوێ دەکات و چەند بڕیارێکیش دەردەکات

پشتیوانیی لە پڕۆژەی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین

پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی بابەتی کارمەندانی گرێبەست



خەبات مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر دەکاتەوە

هۆشیار سیوەیلی: پارتی هەمیشە شاسواری مەیدانی کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە بووە

5


د.ڤیان سەبری: سەرۆکی هەرێم لە بەغدا هەمواری دەستوور و ڕەوشی عێراقی تاوتوێ کرد

سەرۆکی فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدای پایتەختی عێراق، پرسی هەمواکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی 2005ی عێراقی تاوتوێ کردووە.
دوێنێ چوارشەممە 13ی11ی2019 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی جێگرانی و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کرد و لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق وسەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوە.
زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە




بڕیاری قەدەغەکردنی نایلۆن لە نانەواخانەکان جێبەجێ دەکرێت، زەرفی کاغەز بەکار دەهێنرێت

هەولێر... ژمارەیەک ڕێگای ستراتیژی چاککرانەوە و قیرتاوکران



نێچیرڤان بارزانی و عەبدولمەهدی دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

سەرۆکی هەرێم پشتگیریی هەولێری بۆ هەنگاوەکانی عادل عەبدولمەهدی بۆ سەقامگیری و چاکسازی دەربڕی



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ ئارامی و سەقامگیریی ئەمنی و سیاسیی عێراق و هەنگاوەکانی حکوومەتی سەرۆک وەزیران بەڕێز عادل عەبدولمەهدی بۆ چاکسازی و بەدەنگەوەچوونی داواکاریی ڕەوای هاوڵاتیان دەربڕی، هەروەها جەختیشی لە پێویستی و گرنگیی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و پشتگیریی لایەنە سیاسییەکان لە کابینەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکان دووپاتکردەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و شاندی یاوەری کە لە بەرێزان جێگرانی سەرۆک و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوو، سەرلەبەیانی دوێنێ چوارشەمە 2019/11/13 سەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ بەرێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و کاریگەریی دۆخەکە لەسەر تەواوی عێراق تاوتوێکران، هەروەها تیشک خرایە سەر هۆکار و لێکەوتەکانی خۆپیشاندانەکان و ئەو هەنگاو و ڕێکارانەی بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و دۆخەکەدا نراون و گیراونەتە بەر.

پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەمبارەیەوە هاتوونەتە ئاراوە، دۆخی ئەمنیی عێراق بەگشتی و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی و هەماهەنگیی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق لەمبارەیەوە، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

نێچیرڤان بارزانی و حەلبووسی لە دۆخی عێراق و پرسی دەستوور دەکۆڵنەوە

هەر گۆڕانکارییەک لە دەستووردا دەبێت مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزێت



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەربارەی بابەتی هەمواری دەستووری عێراق دووپاتی کردەوە کە دەستوور خۆی نا، بەڵکوو جێبەجێنەکردنی دەستوور کێشەیە و هەر هەموار و گۆڕانکارییەکیش لە دەستووردا، دەبێ لە بەرژەوەندیی عێراق و لەپێناو ئارامی و سەقامگیریی ولاتدا بێت و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بەگشتی بپارێزێت.

لە دووەمین کۆبوونەوەیدا لە بەغدا دوێنێ چوارشەمە 2019/11/13 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، لەگەڵ بەڕێز محەمەد ئەلحەلبووسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشهاتەکانی عێراق بەگشتی و پرسی هەمواركردنەوە و گۆڕانکاریی دەستووریان بەتایبەتی تاوتوێکرد و هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە هەر هەموار و گۆڕانکارییەک لە دەستووردا دەبێت بۆ خزمەتکردن و بەرژەوەندیی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق و بەپێی میکانیزمە دەستوورییەکان بێت.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق بەگشتی و پرسی هەمواركردنەوە و گۆڕانکاریی دەستووریان بەتایبەتی تاوتوێکرد و هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە هەر هەموار و گۆڕانکارییەک لە دەستووردا دەبێت بۆ خزمەتکردن و بەرژەوەندیی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق و بەپێی میکانیزمە دەستوورییەکان بێت.

لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی هەنووکەیی ولاّت، کاری پەرلەمانی و هەماهەنگیی نێوان فراکسیۆنەکان، ڕۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چارەسەرکردنی کێشەکان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا و پرۆسەی سیاسی لە ولاّت بەگشتی خرایە بەر باس، بیروڕاش دەربارەی چەند پرسێکی دیکەی ناوچەکە ئالوگۆڕ کرا.

ئەنجوومەنی وەزیران چاکسازییەکانی پێشمەرگە تاوتوێ دەکات و چەند بڕیارێکیش دەردەکات

پشتیوانیی لە پڕۆژەی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین

پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی بابەتی کارمەندانی گرێبەست

دوێنێ چوارشەمە /2019 11/13 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، شۆڕش ئیسماعیل وەزیری کاروباری پێشمەرگە ڕاپۆرتێکی دەربارەی پێکهاتەی وەزارەت و میلاک و خەرجییەکان و هەنگاوەکانی پڕۆژەی چاکسازی لە بواری کاروباری پێشمەرگە خستەڕوو. ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامێتی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری بۆ بەدواداچوونی برگەکانی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی پێشمەرگە پێکبهێنرێت و دواتر بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت.

پاشان خالید شوانی وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسێی دانوستاندن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی ڕاپۆرتێکی خستەڕوو دەربارەی بڕیاری دادگای فیدراڵی تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی ماددەکانی 3 و 12 و 16 و 17 لە یاسای فیدراڵی ژمارە 4ی ساڵی 2019 تایبەت بە هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان ژمارە 12ی ساڵی 2018 و دوا پەرەسەندنەکانی لیژنەی پێکهاتوو بۆ گۆڕانکاری لە دەستووری عێراق و یەکەمین کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئەنجام دەدرێت و دەنگ لەسەر جێگری پارێزگاری هەولێر دەدرێت، کە هێمن قادر کاندیدە بۆ ئەم پۆستە کە هەولێر لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئەنجام دەدرێت و تێیدا جێگری پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر دەنگیان لەسەر بدرێت.

خانزاد مام وسو دزەیی: ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئەنجام دەدرێت و تێیدا جێگری پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر دەنگیان لەسەر بدرێت.

قایمقامی قەزای خەباتە، هەر ئەمڕۆش دەنگ بۆ بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی هەولێر دەدرێت کە دکتۆر دلۆڤان محەمەد کاندیدە، کە جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ بووە و هەردووکیان کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانن بۆ ئەم پۆستانە.



کۆنووسی لیژنەکە.

ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها گفتوگۆی دەربارەی پڕۆژە یاسای هەلبژاردنەکانی عێراق کرد.

ئەنجوومەنی وەزیران جەختی کردەوە لە سەر پاراستنی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان کە بە هیچ شێوەیەک سازشیان لە سەر ناکرێت. لە کۆتاییدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی کارمەندانی گرێبەست پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی دواتر دەرئەنجامی بەدواداچوونەکە بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران.

خانزاد مام وسو دزەیی بۆ خەبات:

ئەمڕۆ جێگری پارێزگاری هەولێر هەڵدەبژێردرێت

خەبات-تریفە ئازاد:

وا بڕیارە ئەمڕۆ پێنجشەممە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، کۆبوونەوەی ژمارە 72 ئەنجام بدات و تێیدا جێگری پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر دەنگیان لەسەر بدرێت.

خانزاد مام وسو دزەیی: ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئەنجام دەدرێت و تێیدا جێگری پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر دەنگیان لەسەر بدرێت.

شاندێکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان لە ڕووسیایە



شاندێکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شوان حەمید باتاسی سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان و جێگری سەرۆک عەزیز شێخە و سەفا جەمال بەرپرسی پەیوەندییەکان و کۆمەڵێک خاوەنکار کە ئەندامی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستانن، هەروەها شالاو باتاسی بەرپرسی یاسایی یەکێتیی خاوەنکاران کە کۆی ئەندامان پازدە ئەندامن وەک شاندێکی هەرێمی کوردستان ئێستا لە ڕووسیان.

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات شوان حەمید باتاسی سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان گوتی: سەردانی هەرێمی ستاڤرۆپۆلی ڕووسیامان کرد لەسەر بانگهێشتی یەکێتیی خاوەنکارانی ڕووسیا، کۆڕبەندێکی ئابووری کوردستانی-ڕووسیا ڕێکخراوە بۆ سێ ڕۆژ کە کۆمەڵێک لە خاوەنکارە مەزنەکانی ڕووسیا ئامادەبوون، کۆبوونەوەکان زۆر بە سوود بوون و ئێمەش زیاتر لە بواری کشتوکاڵی و چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ لە کوردستان کارمان کردووە، مەبەستمانە بەدیلی نەوت لە کوردستان پەیدا بکەین.

گوتیشی: خاوەنکارانی ڕووسیا ئامادەیی تەواویان هەیە بێنە کوردستان وبەرهێنان بکەن، ئێمە هەوڵی سەرەکیمان هێنانی وبەرهێنەری بیانییە بۆ کوردستان، بە تایبەتی وبەرهێنەرانی وڵاتێکی زلهێزی وەکو ڕووسیا بۆ بەرژەوەندیی کوردستان گرنگە.


yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/11/14 ژمارە (5871)
خەبات

نێچیرڤان بارزانی پشتگیریی هەرێم بۆ سەقامگیریی عێراق دووپات دەکاتەوە

رووداوەکان و دۆخی عێراق کاریگەری بەسەر تەواوی وڵات بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە و دەبێت هەموان بەرپرسیارێتی هەڵبگرن












سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە دیدار و کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ حزب و لایەنە عێراقییەکان لە بەغدا، جەختی لە پشتگیریی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی ئەمنی و سیاسیی عێراق کردەوە و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەکی پێویست لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان دەربڕی، هەروەها ڕوونی کردەوە کە ڕووداوەکان و دۆخی عێراق کاریگەری بەسەر تەواوی وڵات بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە و دەبێ هەموان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکە و چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن.

لە درێژەی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا، دوێنێ چوارشەممە 2019/11/13 بەرێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، بە جیا لەگەڵ بەرێزان سەید عەممار ئەلحەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی هادی ئەلعامری، سەرۆکی هاوپەیمانیی ئەلبیناء، د. نەسسار ئەلڕوبەیعی، سەرۆکی دەستەی سیاسیی ڕەوتی سەدر و شاندی یاوەری، نووری ئەلمالکی، سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا و ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی فراکسیۆنی نیشتمانی، کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکاندا دۆخی عێراق بەگشتی و گرنگیی خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی واقعیانە بۆ دۆخ و قۆناغەکە، خۆپیشاندانەکان و هۆکار و لێکەوتەکانی، چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانی هاوواڵتیان، پێشبینیی داهاتووی سیستەم و پرۆسەی سیاسی لە وڵات تاوتوێ کرا، هەروەها داکۆکی لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نیوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخ و پێشهاتەکاندا کرایەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی کە لە بەرێزان مستەفا سەید قادر و شێخ جەعفەر مستەفا جێگرانی سەرۆک و فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوون، بۆ دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیی عێراقی فیدراڵ و هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان، سەرلەبەیانیی دوێنێ گەیشتە بەغدا و دوای دیدار و کۆبوونەوەکان، گەڕایەوە هەولێر.

پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ژمارەیەک پێشنیازەیاسا و پێشنیازە بڕیار کرد



دوێنێ چوارشەمە /2019 11/13بە سەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئاماەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 7ی ئاساییی خولی پایزە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خوێندەوە کە پێکهاتبوو لە دوو خاڵ و خاڵی یەکەم بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسا و بڕیارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (79و 80و (82ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان (پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پێشنیازەیاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پێشنیازەبڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان)، خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە دانان و ئاڵوگۆڕکردنی ژمارەیەک پەرلەمانتار لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و پێکهێنانی 4 لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان بەپێی ماددەکانی (28، 29، 34) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، خاڵی سێیەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە خستنەڕووی بیرۆکەی ئەم پەرلەمانتارانەی خوارەوە بەپێی خاڵی (2)ی برگەی (یەکەم) لە مادەی (49)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، بیرۆکەی بەرێز (جوان یونس ڕۆژبەیانی) پەیوەست بە دووبارە تەعریبکردن و مەترسیی هەموارکردنەوەی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

سەبارەت بە خوێندنەوەی یەکەم پێشنیازەبڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەشکردو ڕایگەیاند: وەکو سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەڵامی حکوومەتەمان لەبارەی تەحمولکردنی بارگرانیی دارایی پرۆژەکە بەئەرێنی وەرگیراوەتەوە، بەڵام بەهۆی زۆری وردەکاری پێشنیاز دەکەین بەدەر لە ماوەی تەرخانکراو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ماوەی دوو هەفتە بە حکوومەت بدرێت بۆ هەر زیادکردن و پێشنیازی نوێ لەبارەی پرۆژەکەوە، بۆیە دوای تەواوبوونی ئەو وادەیە پەرلەمانی کوردستان بەپێی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێککارە یاساییەکانی بۆ پێشنیازەکە ئەنجام دەدات.

د.ڤیان سەبری: سەرۆکی هەرێم لە بەغدا هەموارى دەستوور و ڕەوشی عێراقی تاوتوێ کرد



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدای پایتەختی عێراق، پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی 2005ی عێراقی تاوتوێ کردووە.

دوێنێ چوارشەمە 13ی11ی2019 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی جێگرانی و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کرد و لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق وسەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوە. لەمبارەیەوە د.ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: ماوەی شەش هەفتەیە گرژی لە عێراق هەیە، بۆیە یەکێک لە ئامانجی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ئەم پرسە بوو؟ جیا لەوەی پرسی هەمواری دەستوور و بودجە یەکێکی دیکە بوو لە ئامانجی سەردانەکە و ئەم بابەتانە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان باسی لێوەکردووە. گوتیشی: ئەم سەردانە بەشێکە لە دروستکردنی بارودۆخێکی بەهێز و ئیجابی بۆ چوونی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

پێنج شەممە 2019/11/14 ژمارە (5871)

www.xebat.net

خەبات



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری سەرۆکی کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد

جێگری سەرۆکی خاچی سووری نێودەوڵەتی: سوپاسی بەڕێز سەرۆکی حکوومەت دەکەم کە دۆستێکی گرنگی ڕێکخراوەکەمانە

دوێنێ چوارشەمە /2019 11/13 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری سەرۆکی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد.

لە دیدارەکەدا، جێگری سەرۆکی خاچی سووری نێودەوڵەتی ستایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هەماهەنگی و کارئاسانییان بۆ خاچی سوور بۆ جێبەجێکردنی چالاکی و پڕۆژەکانی لە هەرێمی کوردستان. لەمبارەیەوە جێگری سەرۆکی خاچی سووری نێودەوڵەتی بە سەرۆکی حکوومەتی گوت: بەتایبەتی سوپاسی بەڕێزتان دەکەم کە دۆستێکی گرنگی ڕێکخراوەکەمانی و لە ساڵی 2003ەوە بەردەوامی لە هاوکاریکردنی خاچی سووری نێودەوڵەتی.

جێگری سەرۆکی خاچی سوور هەروەها ڕاشیگەیاند کە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی ڕاهێنانەوەی سرووشتی بۆ یارمەتیدانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەولێر دەکرێتەوە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد بۆ ئەنجامدانی چالاکیی مرۆیی لە جیهان و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، جەختیشی لە بەردەوامیی هەماهەنگی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ ڕێکخراوەکە کردەوە.

زانکۆی واگینگن و نوێنەرایەتیی حکوومەتێ هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا چەند پرسێکی گرنگ تاوتوێ دەکەن

د. دلاوەر ئاژگەیی: هەولێر پێشوازیی لە دامەزراوەکانێ دەرەوە دەکات ئاستێ چالاکییەکانیان لە کوردستاندا فراوانتر بکەن



نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی زانکۆی واگینگنی لە هۆڵەندا کرد کە تاکە زانکۆی هۆڵەندییە گرنگییەکی تەواو بە زانستە کشتوکاڵییەکان و خۆراک و ژینگە دەدات. لەمیانەێ سەردانەکەیدا لەگەڵ خاتوو لویس فریسکۆ، سەرۆکی زانکۆی ناوبراو کۆبۆوە بە مەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و هاوکاریکردن لە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ بە گشتی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها کارکردن بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و بەرزکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی یەکێکە کە لە کار و بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چوار ساڵی ئایبندە.

د. دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و خاتوو لویس فریسکۆ تاوتوێی دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان زانکۆی واگینگن و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەماهەنگی لە نێوان زانکۆ و کۆمپانیا هۆڵەندییانەی کە خوازیاری کرێنی بەروبومە کوردییەکانن، هەروەها تێشک خرایە سەر ڕەخساندنی دەرفەت بە قوتابیانی هەرێم تا سوودمەندبن لە پڕۆگرام و خولی زانستی و ئەکادیمی کە ساڵانە زانکۆی واگینگن لە ڕێگای پڕۆژەی جیاواز و بێ بەرانبەر دەیبەخشێت.

تاکو بێن و کار و چالاکی خۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان فراوانتر بکەن، بۆیەش داوای لە زانکۆی ناوبراو کرد یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات لە دروستکردنی تاقیگەیەکی پێشکەوتووی کشتوکاڵی و ئەنجامدانی کۆنفرانسی کشتوکاڵی لە نێوان هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان، هەروەها بەرهەمە خۆماڵییەکانی هەرێم بە هۆڵەندا بناسێنێت و هاوکار بێت لە دۆزینەوەی ئەو بازرگان و کۆمپانیا هۆڵەندییانەی کە خوازیاری سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەکادیمی و تۆێژینەوە زانستییەکانی زانکۆی ناوبراو لە بواری کشتوکاڵ و خۆراکدا.

د. دلاوەر ئاژگەیی دووپاتیکردەوە کە هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە سەرجەم دامەزراوە ئەهلی و حکومییەکان لە دەرەوە دەکات بۆ هاتن و کار و چالاکی لە هەرێمی کوردستان.

د. بەشیر حەداد:
سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا هەنگاوێکی ئەرێنی زۆر باشە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا

پێویستە هەموارێ دەستوور مافی سەرجەم پێکهاتەکانی تێدا پارێزراو بێت

دوێنێ چوارشەمە /2019 11/13 دکتۆر بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆشکی سەلام لە بەغدا، بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دکتۆر بەرهەم سالح سەرۆککۆماری عێراق، بە ئاماژەبوونی ژمارەیەک لە وەزیرەکان و بەرپرسانی کورد و سەرۆک فراکسیۆنە کوردییەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەران.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بە گرنگی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکە و بەرپرسانی دیکەی عێراق کرد و ڕایگەیاند، ئەو سەردانە هەنگاوێکی ئەرێنی زۆر باشە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پەیامێکیشە بەوەی کە هەرێمی کوردستان بە گرنگییەوە سەیری ئەو بارودۆخە دەکات کە لە بەغداو ژمارەیەک لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەگوزەرێت و ئامادەیی هاوکاریشە بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان و تێپەڕکردنی قەیرانەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست بۆ گەڕانەوەی ئارامی و سەقامگیر بۆ تەواوی وڵات.

دکتۆر بەشیر حەداد ئاماژەشی بەوەدا، پێویستە هەر هەمواركردنەوەیەک لە دەستوردا پێویستە لە خزمەت بەرژەوەندی نیشتمانی بێت و گرەنتی مافی تەواوی پێکهاتەکان بدات و ئازادیەکان بپارێزێت و لە هەمان کاتیشدا هاوتابێت لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی دادپەروەری و جێگیرکردنی دیموکراسی لە وڵاتدا و دروستکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ تەواوی هاوواڵتیانی عێراق.



ئیندیپێندنتی بەریتانی:

سوپای تورکیا لە ناوچەی ئارام کوێرانە تاڵان و ڕفاندن و کوشتنی کوردان دەکات



بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەریتانی، سوپای تورکیا لە باکووری سووریا لە ناوچەی ئارام کوێرانە تاڵان و ڕفاندن و کوشتن دەرحەق بە کوردانی ناوچەکە دەکات.

هاتووشە لە دوای مانگێک لە دەستوەردانی تورکیا بۆ خاکی سووریا و دەرکردنی هێزە کوردییەکانی لە ناوچەیەکی فراوان لە باکووری سووریا، (ڕۆژئاوای کوردستان) هێزە تورکییەکان و ئەو هێزانەی پشتگیری کراون، لەلایەن ئەنقەرەوە، بە ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوکەوتی خراپ تۆمەتبارکراون دژ بە خەڵکی سڤیلی دانیشتووانی ناوچەکە.

ڕۆژنامەکە لێدوانی یەکێک لە ئاوارەکانی بلاوکردووتەوە بە ناوی فاتح تەمەن 38 ساڵ و پیشەی سەرتاشە و عەرەبە و بە ڕەچەڵەک تورکییە، بە مۆبایل پەیوەندی پێوەکرابوو کە لە ناوەندی شاری ڕەقە بوو لە کاتی هەڵاتنی خۆی و خێزانی، ئەو دەڵێت من یەکێک بووم کە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکردم پشتگیری لە هێرشەکەی تورکیا بکەم، بەڵام من لەگەڵ خێزانم هەڵاتم.

دەربارەی گرووپە میلیشیاکانی سەر بە تورکیا فاتح گوتی: زۆر ڕقم لێیانە، ئەوان پڕبوونە لە ڕق و قینە و ئارەزوو بۆ خوێن، هەر لەبەر تۆڵەسەندنەوە داوای کردووە ناوێکی خوازیاری بۆ دابنێن و ناوی ڕاستی خۆی ئاشکرا نەکردووە. فاتح دەشڵێت ئەوان لە نێوان عەرەب و کورد و موسڵمان و هەڵگری ئایینەکانی کە جیاوازی ناکەن پێش هێرشەکە پەیوەندیان پێمەوە کرد و داوایان لێکردم وەک موسڵمانێکی عەرەب بە ئەرکی خۆم هەڵبستم بۆ پشتگیری لە داگیرکردنی خاکەکەم لەلایەن تورکیاوە و دژایەتی کوردەکان بکەم.

هەروەها فاتح دەڵێت: من وەک لایەنگری هێزەکانی سووریای دیموکرات و کارمەندی بااڵی دبلۆماسی و کارگێڕی داواکارییەکانیانم ڕەتکردەوە چوومە پاڵ هاوڕێیە کوردەکانم و لە سەرێکانی هەڵاتم.

محەمەد عارف پسپۆڕی تیشک لە شارۆچکەی گرێسپی دەڵێ: پەیوەندیم پێوەکرا بە مۆبایل و هەڕەشەیان لێکردم و گوتیان: ئێمە سەرتمان دەوێت، تاڵانکردنی مااڵم و دەرکردنم لەبەر ئەوەی کوردم بەس نەبووە بۆیان دەیانەوێ بشمکوژن. محەمەد عارفی 35 ساڵ ئێستا ئاوارەیە و لە شاری کۆبانێ نیشتەجێیە، ئەڵێ: هەڵسوکەوتی ئەو میلیشیایانەی سەر بە تورکیا کردارەکانی داعشی وەبیرهێنامەوە کاتێک لە ساڵی 2013 شارەکەمیان داگیرکرد.

هاوکات یەکێک لە کارمەندەکانی خێرخوازیی سووری لەبەر هەندیک هۆکار ناوی خۆی ئاشکرا نەکردووە بە ڕۆژنامەکەی گوتووە میلیشیاکانی سەر بە تورکیا هەموو کارێکی خراپ ئەنجام دەدەن هەندێک لە هەڵاتووی خێزانی داعشیش ئێستا پەیوەندیان بەوانەوە کردووە و چوونەتە نێو ئەو هێزانە و خەریکی تاڵانکردنی مااڵنە کوردەکان و ئەو مااڵنە دەکەن کە هەڵهاتوون و هەروەها ئەوان لە دەروازەی گرێسپی پەیکەری شێریک هەبوو تێکیاندا ئەوان بە بت ناوی دەبەن هەر وەک کردەوەکانی داعش بەهەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکەن.

ڕۆژنامەکە دەیان بەڵگەی نووسیوەتەوە لەسەر زاری ئاوارە و شاهێدحاڵەکانی ئەو ناوچانەی کە هێزەکانی تورکیا و میلیشیاکانی سەر بە تورکیا داگیریان کردووە.

لە 9ی تشرینی یەکەمی 2019 سوپای تورکیا هێرشێکی ئەنجامدا بە مەبەستی دروستکردنی ناوچەی ئارام و دەرکردنی هێزە کوردییەکان لە ناوچە سنووریەکانی باکووری سووریا بەهۆی ئەو هێرشەوە سەدان هەزار هاووڵاتی ئاوارەبوون و بە سەدان هاووڵاتی سڤیل کوژران و بە هەزارانیش بریندارببوون و زۆربەی وڵاتانی جیهان ناڕەزایی لەسەر هێرشەکەی تورکیا دەربڕیو.

دادگای عێراق 377 بڕیاری لێپێچینەوە و دەستگیرکردنی بۆ گەورە بەرپرسان دەرکردووە

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

دوێنێ چوارشەمە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە عێراق ئاشکرای کرد کە دادگا 377 یاداشتی بانگهێشتکردن بۆ لێپێچینەوە یان دەستگیرکردنی دەرکردووە کە تایبەتە بە گەورە بەرپرسانی عێراق و پلە باڵاکانی دامودەزگا جۆراوجۆرەکان و دەستەی نەزاهەی دادگاکان ئەم دۆسێیەی لە ئەستۆگرتووە و ئاماژەشی بۆ ئەوە کردووە کە هێشتا 83کەیسی دیکەش ماون لەم نزیکانەدا بڕیاری هاوشێوەیان بۆ دەردەکرێت.

بەپێی ئەو ئامارەی کە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ڕایگەیاندووە لەناو ئەو 377بڕیارەی دادگا کە دەرچووە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزیر و بریکاری وەزیر و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگار و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا و بەڕێوەبەری گشتی تێدایە کە هەندێکیان فەرمانی دەستگیرکردن و هەندێکیشیان بڕیاری بانگکردن بۆ لێپێچینەوەیان بۆ دەرچووە.

ئاماژەیش بۆ ئەوە کراوە کە 627سکاڵا و کەیسی دیکە ماون بۆ هەمان ئەو پلە باڵایانەی عێراق کە هێشتا یەکالیی نەکراوەتەوە، بەاڵم ئەوەی ئاشکراکردووە کە 83 کەس لەو بەرپرسانە فەرمانی دەستگیرکردن و ڕاپێچکردنیان بۆ دادگایی بۆ دەرچووە. ئەم ئامارانە دوابەدوای گوشارەکانی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ سزادان و لێکۆڵینەوە لە بەرپرسە گەندەڵەکانی هەردوو حکوومەتی نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی باڵوکرایەوە.

خەبات مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر دەکاتەوە

هۆشیار سیوەیلی: پارتی هەمیشە شاسواری مەیدانی کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە بووە

راستە ئێمە لە دەزگایەکی حزبین، بەڵام هەمیشە هەوڵماندواوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ خزمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت

تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بنەماکانی کە پەیوەندی لە نێوان وڵاتان و ریکخراو و پارت و نوێنەر و دیپلۆماسەکان رێک دەخات، ئامانج لێی بەرژەوەندی باڵایە لەنیوان ئەو لایەنانەدا، جیهانی ئەمڕۆش زیاتر لە هەموو جارێک پەنای بردووەتە بەر زمانی گفتوگۆ و کاری دیپلۆماسی کە بۆ هەمووان روون بووەتەوە ئەمە باشترین رێگا بووە بۆ سەرکەوتنی ئامانجەکان لە هەموو بوارێکەوە، لەم سۆنگەیەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەگەڵ دروستبوونییەوە بایەخێکی فراوانی بە پەیوەندییەکانی دەرەوەی داوە، هەمیشە ئەو دەزگایە لە خزمەتی دۆزی رەوای گەلەکەی و بەرژەوەندییە باڵاکان داناوە، بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەی خەبات لە رێگای مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو پارتییەو تا چەند ئەم دەزگایە لە خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان بووە بخاتەڕوو.

خەبات: هاوار موڕتکەیی



کاری دیپلۆماسی لە سەردەمی رابردوودا

سەرەتا هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕاوە دواوە و بە چەند نموونەیەک ئاماژەی بەوەدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە شۆڕشی ئەیلوول تا پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پاڵ شۆڕش و خەباتدا بایەخێکی تایبەتی بە کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان داوە و گوتی: یەکێک لە چالاکییە گرنگەکانی هەر حکوومەتێک بریتییە لە فراوانکردنی تۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەم حکوومەتە، چونکە زۆرجار بەرژەوەندییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و پەیوەندییەکان فراوانتر بن، لەسەر ئەم بنەمایەش پەیوەندی ئەنجامدانی کاری دیپلۆماسیش بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگە، هەروەها بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش گرنگە، چونکە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە و زۆر دوور نەڕۆین، بۆ سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بڕۆین دەبینین پەیوەندییەکان لە رێگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوونە ئەوکات کیانێکی سیاسی بەناوی حکوومەتی هەرێمەوە نەبووە، پەیوەندییە نێودەوڵەتی و سیاسی هەمووی لە رێگای سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوو، بەتایبەتیش لە رێگای خوودی بارزانیی نەمرەوە بووە، هەموومان ئەوەش دەزانین کە دروشم و ئامانجی بارزانیی نەمر زۆر فراوانتر بووە لە ئامانجی پارتێک، ئەو زیاتر لەسەر ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی بیری کردووەتەوە، ئەم پەیوەندییانە لە شەستەکان و حەفتاکان بەمشێوەیە بوو، بەتایبەتیش لە رێگای خوودی بارزانیی نەمرەوە بووە، هەموومان ئەوەش دەزانین کە دروشم و ئامانجی بارزانیی نەمر زۆر فراوانتر بووە لە ئامانجی پارتێک، ئەو زیاتر لەسەر ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی بیری کردووەتەوە، ئەم پەیوەندییانە لە شەستەکان و حەفتاکان بەمشێوەیە بەردەوام بووە، دواتر پەیوەندییەکانی پارتی فراوانتر بووە بەتایبەتی دوای رێککەوتنی 11ی ئادار، دەتوانین بڵێین ئەوکات پێی نایە قۆناغێکی تر، ئەم پەیوەندییانەش تا رادەیەکی زۆر هەر لە رێگای پارتییەوە ئەنجام دراون، دوای ناوەڕاستی حەفتاکانیش پارتی دیکە دروست بوون و ئەوانیش کاری دیپلۆماسیان هەبوو، بەڵام پارتی شاسواری ئەو مەیدانە بووە، تا دەگاتە سەردەمی راپەڕین و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم، دیسانەوە پارتی وەکو دەزگایەکی گرنگی سیاسی هەستاوە بە کاری دیپلۆماسی، و پەیوەندی دەرەوە، بە تایبەتیش خودی سەرۆک بارزانی وەکو کەسایەتییەکی دیار رۆڵی دیاری هەبووە، بەڵام هەمیشە ئێمە وێستومانە ئەو پەیوەندییانە لە رێگای حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو خزمەتە بکرێت، راستە ئێمە لە هەم حکوومەت و هەم پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بووە، بەڵام پێویستە راستییەک بڵێین و ئەو خاڵە روون بکەینەوە کە ئێمە دەوڵەت نین و ئەگەر چاوەڕوانی خەڵک لە حکوومەت بەوشێوەیە بێت کە وەکو حکوومەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەیر بکرێت و کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان ئەنجام بدات، بەراستی ئەمە چاوەڕوانییەکی دروست نییە، ئێمە لە رووی یاسای نێودەوڵەتی و چالاکی دەزگایەکی حزبین، بەڵام هەمیشە هەوڵماندواوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ خزمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامە لە گەورەترین رێکخراوی پارتەکانی جیهان.

بەفەرمی سەرکردایەتیی پارتی بۆ کۆنفرانسی یەکێتیی نێودەوڵەتی حزبە دیموکراتەکان داوەتکراوە.

هەندێک جار کە ئێمە دەچینە وڵاتان ڕەنگە نوێنەرایەتیی حکوومەت لەم وڵاتە وەکو پێویست نەبووبێت، ئێمە لەو کاتەدا دەبینە کەناڵێکی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەت و ئەو لایەنەی کە دەیبینین.

لەپێش و دوای 16ی ئۆکتۆبەر

دواتر بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ئاماژە بە کاری دیپلۆماسی لەپێش و دوای 16ی ئۆکتۆبەر کرد و گوتی: پێش 16ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەو بەرواردش، پەیوەندییەکانی کوردستان لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتییەدا پێشوازی لێکراوە، سەرۆکی هەرێم لە لایەن سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهانی کە ئێمەریکایە پێشوازی لێکراوە، هەر ئەوەندەش بەس نییە، دوای 16ی ئۆکتۆبەر پیلانێکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان هەبوو، بەڵام هەنگاو و هەوڵی گەورە کە لە دوو خاڵ خۆی دەبینییەوە بوونە هۆی پووچەڵکردنەوەی ئەم پیلانە لەسەر هەرێمی کوردستان، کە ئەویش بۆ ئازایەتی و خۆڕاگری هیزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە پردێ و سحێلا دوو داستانی مەزنیان تۆمار کرد، کە ئەمە لەرووی سەربازییەوە راددەیەکی بۆ ئەو پیلانە دانا، خاڵی دووەم بریتی بوو لە کاری دیپلۆماسی ، جگە لەو ئابلۆقە گەورەیەی کە خرابووە سەر هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتیش ئابلۆقەیەکی سیاسی گەورەش خرابووە سەر هەرێمی کوردستان لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتییەدا پێشوازی لێکراوە، سەرۆکی هەرێم لە لایەن سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهانی کە ئێمەریکایە پێشوازی لێکراوە، هەر ئەوەندەش بەس نییە، دوای 16ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە کە ئێمە دەوڵەت نین و ئەگەر چاوەڕوانی خەڵک لە حکوومەت بەوشێوەیە بێت کە وەکو حکوومەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەیر بکرێت و کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان ئەنجام بدات، بەراستی ئەمە چاوەڕوانییەکی دروست نییە، ئێمە لە رووی یاسای نێودەوڵەتی و چالاکی دەزگایەکی حزبین، بەڵام هەمیشە هەوڵماندواوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ خزمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت.



هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خەبات دەدوێت

شکاندنی گەمارۆ دیپلۆماسییەکان

هۆشیار سیوەیلی لەمبارەیەوە زیاتر دەڵێت: پێش 16ی ئۆکتۆبەر ئێمە پەیوەندییەکانی فراوانمان هەبوو، ئەوانەی پێیان وایە ریفراندۆم بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و ئەمە بۆ لاوازی پەیوەندی ئێمە لێک بدەنەوە ئەمە لێکدانەوەیەکی مونسیف و لە جێگای خۆیدا نییە، دوای 16ی ئۆکتۆبەر پیلانێکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان هەبوو، بەڵام هەنگاو و هەوڵی گەورە کە لە دوو خاڵ خۆی دەبینییەوە بوونە هۆی پووچەڵکردنەوەی ئەم پیلانە لەسەر هەرێمی کوردستان، کە ئەویش بۆ ئازایەتی و خۆڕاگری هیزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە پردێ و سحێلا دوو داستانی مەزنیان تۆمار کرد، کە ئەمە لەرووی سەربازییەوە راددەیەکی بۆ ئەو پیلانە دانا، خاڵی دووەم بریتی بوو لە کاری دیپلۆماسی ، جگە لەو ئابلۆقە گەورەیەی کە خرابووە سەر هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتیش ئابلۆقەیەکی سیاسی گەورەش خرابووە سەر هەرێمی کوردستان لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتییەدا پێشوازی لێکراوە، سەرۆکی هەرێم لە لایەن سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهانی کە ئێمەریکایە پێشوازی لێکراوە، هەر ئەوەندەش بەس نییە، دوای 16ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە کە ئێمە دەوڵەت نین و ئەگەر چاوەڕوانی خەڵک لە حکوومەت بەوشێوەیە بێت کە وەکو حکوومەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەیر بکرێت و کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان ئەنجام بدات، بەراستی ئەمە چاوەڕوانییەکی دروست نییە، ئێمە لە رووی یاسای نێودەوڵەتی و چالاکی دەزگایەکی حزبین، بەڵام هەمیشە هەوڵماندواوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ خزمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

لەپێش و دوای 16ی ئۆکتۆبەر

دواتر بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ئاماژە بە کاری دیپلۆماسی لەپێش و دوای 16ی ئۆکتۆبەر کرد و گوتی: پێش 16ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەو بەروارەش، پەیوەندییەکانی ئۆکتۆبەر ئێمە پەیوەندییەکانی فراوانمان هەبوو، ئەوانەی پێیان وایە ریفراندۆم بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و ئەمە بۆ لاوازی پەیوەندی ئێمە لێک بدەنەوە ئەمە لێکدانەوەیەکی مونسیف و لە جێگای خۆیدا نییە، دوای 16ی ئۆکتۆبەر و دوای ئۆکتۆبەریش وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجامداوە، نموونەش زۆرن لەوانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتییەدا پێشوازی لێکراوە، سەرۆکی هەرێم لە لایەن سەرۆکی گەورەترین وڵاتی جیهانی کە ئەمەریکایە پێشوازی لێکراوە، هەر ئەوەندەش بەس نییە، دوای 16ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە کە ئێمە دەوڵەت نین و ئەگەر چاوەڕوانی خەڵک لە حکوومەت بەوشێوەیە بێت کە وەکو حکوومەتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەیر بکرێت و کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان ئەنجام بدات، بەراستی ئەمە چاوەڕوانییەکی دروست نییە، ئێمە لە رووی یاسای نێودەوڵەتی و چالاکی دەزگایەکی حزبین، بەڵام هەمیشە هەوڵماندواوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ خزمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت.



فەرحان جەوهەر

عێراق لە نێوان شۆڕش و خۆپێشاندان

ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی ئەمڕۆ لە عێراقدا بەرپابووە ئەنجامی کۆمەڵێک هەڵەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەیە بە دریژایی شانزە ساڵی دوای ڕووخانی بەعسییەکان، کە پێیان وابوو تا ماوەیەکی درێژ یان بۆ هەتا هەتایێ دەتوانن لەسەر پێستی جیاوازی مەزهەبی درێژە بە حوکمڕانی گەندەڵکاری خۆیان بدەن، بۆیە بە هیچ شێوەیەک پێشبینییەکی لەو جۆرەیان نەکردبوو کە ڕۆژێک دێت ئەم شێوازە حوکمڕانییە ناتوانێت بەم ڕێتمە بەردەوام بێ، هەرچەندە هاتنی عادل عەبدولمەهدی وەک کەسێکی سیاسی و ڕۆشنبیر و پاک و بێ باک لە کورسی و دەسەڵات سەرەتای ئومێدێکی مەزن بوو بۆ هەموو گەلانی عێراق، بەڵام دوای یەک ساڵ لە حوکمڕانیەتی عەبدولمەهدی دیارە خەڵکی باشوور بێ ئومێد بوون لە دەسەڵاتەکەی.

ئەو ڕووداوانەی عێراق لە خۆپیشاندان دەرچوونەو بۆتە شۆڕش، چونکە عێراق میژوویەکی دوورودرێژی لەگەڵ شۆڕشدا هەیە و لەم بارەیەوە خاوەن ڕابردوویەکی خۆێناوییە، ئەگەر سەردەمانێک شۆڕش وشەیەکی ئەفسوناوی بووەو هەزاران کەس لە سەرانسەری جیهان تەنها بە بیستنی ئەو وشەیە گیان و مالّی خۆیان لە پێناو بەخت کردووە، ئەوە بۆ ئەمڕۆ شۆڕش چیتر ئەو وشە ئەفسوناوییە نییە، بەڵکو مانای تووندوتیژی و تۆقاندنە، شۆڕش هەڵگری داواکاری ڕادیکاڵییە کە لە ئەرزی واقیعدا دوای خۆی دۆخێکی ناسەقامگیر و پڕ لە ترس و تۆقاندن بەرهەم دێنێ و ڕێگا بە هیچ ڕیفۆرمێک ناداو لە ناوخۆیدا بەرە بەرە ڕۆڵەکانی دەخوات و چینێکی مشەخۆڕو هەڵپەرست لە بەرهەمەکەی دەخۆن و خەڵکە شۆڕشگێڕەکەش یان پەراوێز دەخرێن یان ئاوارەی وڵاتان دەبن.

شۆڕشەکەی ئەمجارەی عێراقیش ئەگەر سەریش بکەوێ لەو ئەزموونانەی پێشتری خۆی چاکتر نابێت، چونکە لە هیچ وڵاتێک ریفۆرم بە تووندوتیژی ئەنجامی نەبووە یان باشتر بڵێم هەموو ئەو وڵاتە ڕۆژهەڵاتییانەی شۆڕشیان تیادا کراوە، جگە لە دەسەڵاتی ئیستیبدادی نموونەیەکی جوانیان بەرهەم نەهێناوە، ئەگەرچی داواکارییەکانیان ڕەوان، بەڵام ئامرازی هێنانەدییان جێگای ئومێد نییە و ڕامالّینی کۆی چینی سیاسی دەسەڵاتدار بە یەک جار داواکاری و کردەیەکی شۆڕشگێڕی و ڕادیکاڵییە کە ئەنجامەکەی خۆێناوییە و ئەوانەی بەرەنجامی ئەم شۆڕشەش دەسەڵات وەردەگرن لەمانەی ئێستا باشتر نابن، چونکە کەس وەک عێراق لەم بارەیەوە خاوەن نموونە نییە، وێڕای ئەمەش هەموو پێدراوەو ئامادەکانیش ئەوەمان پێدەڵێن ئەم چینە سیاسییەی ئێستای عێراق بەبێ خوێن ڕشتنێکی زۆر ئەم دەسەڵاتە جێناهێڵن، بۆیە پێویست بوو ئەم بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی خۆپیشاندانی مەدەنیانە مابایەوەو داوای چاکسازییان بکردایەو حکوومەتیان خستبایە ژێر گوشار بۆ ئەنجامدانی لە ماوەیەکی دیارکراودا، چونکە هەموو ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ خاوەن سیستەمێکی چاکن، ریفۆرمیان بە قۆناخ تێدا کراوە.

قەناعەت بەو لایەنانە بهێنین، بەڵکو مێژووی پارتی ئەوەی فەرزکردووە، هەروەها یەکەمین حزبیشین لە عێراق، ئەمانە خۆی بەڵگەن چ لە ڕووی مێژوویەوە چ لە ڕابردوودا یان لە ئێستادا ڕۆڵی دیار و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەبووە هەم لەسەر ئاستی عێراق و هەم لەسەر ئاستی کوردستانیش، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر کردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پارتەکانی دونیادا، ئێمە بێجگە لەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ بەشێکی زۆر لە پارتەکانی دەرەوە هەیە، چوار ڕێکخراوی گەورەی جیهانی هەیە کە وەکو چەتر وان بۆ کۆکردنەوەی پارتەکانی سیاسی لە دونیا، بۆ نموونە ئایکاپ هەیە کە ئەبێتە کۆنفرانسی حزبەکانی ئاسیا، دەتوانم بڵێم ئەمە گەورەترین ڕێکخراوی حزبیە لە جیهاندا، کە تیایدا حزبی کۆمۆنیستی چین و حزبی یەکگرتووی ڕووسیا ئەندامن لەو ریکخراوە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەندامە تیایدا، دوا کۆنفرانس لە ساڵی ڕابردوو لە مۆسکۆ بەڕێوەچوو، ئێمە وەکو پارتی وتارمان هەبوو. هەروەها سیوەیلی زیاتر گوتی: سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەیە کە پارتە سۆسیالّ دیموکراتەکان لەخۆدەگرێت، هەرچەندە ئێمە ئەندام نین لەم ریکخراوە، بەڵام ڕۆڵی دیارمان هەیە لەو ڕێکخراوە، لە زۆربەی کۆنفرانسەکانیاندا بەشدار دەبین و وتارمان هەیە، هەروەها لیبرالّ دیموکراتەکان هەن ڕاستە ئێمە ئەندام نین لای ئەوان، بەڵام لە چالاکی و کۆبوونەوەکانیان بەشدار دەبین، دوا ڕێکخراو کە چەندین ساڵە هەوڵ دەدەین پەیوەندییان لەگەڵ ببەستین، کە حزبە دیموکراتەکانی دونیا لەخۆ دەگرن، IDU یەکێتیی نێودەوڵەتیی حزبە دیموکراتەکان، لە مانگی داهاتوو کۆنفرانس دەبەستن و بە فەرمی سەرکردایەتیی پارتیان داوەتکردووە، ئەمە دەتوانم بڵێم پارتی لە چاو پارتەکانی دیکەی کوردستان و عێراقیش، فراوانترین و دیارترین پەیوەندی هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەگەڵ کونسوڵخانەکانیش پەیوەندی باشمان هەیە.

دهۆک.. حکومەتا هەرێما کوردستانێ پتر ژ سێ ملیار دینارا بو پروژێن خزمەتکاری تەرخانکرینە

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز حاجی عومەر هێرۆیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی دەڤەری ڕاپەڕین حاجی مەحمود هێرۆیی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی خزم و دۆستانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز حاجی عومەر هێرۆیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری پشدەر، خوالێخۆشبو حاجی مەحمود عبدوڵڵا هێرۆیی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بۆ هەڤاڵ عەبدولعەزیز

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەلاح محەمەد قادر، برای شەهید یوسف ناسراو بە یوسفەلچە ـ مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خزم و کەسوکار و خوالێخۆشبو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین ئەمە دوا ناخۆشیتان بێ و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

سەلام عەبدوڵڵا

سەرنووسەری خەبات

هەولێر... ژمارەیەک ڕێگای ستراتیژی چاککرانەوە و قیرتاوکران



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: دوابەدوای تەرخانکردنی بودجەی پێویست بەهەوڵ و کۆششی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ژمارەیەک پرۆژە ئەنجام دەدەین، وەک پرۆژەی ڕێگای هەولێر- خەبات سایدی چوون و فەرشکردنی بەچینی قیری باینەدر ماوەی چەند ڕۆژێکە دەستی پێکردووە، لەگەڵ پرۆژەی چاککردنی خێرا فەرشکردنی چینی قیری باینەدر لەڕێگای سەرەکی گۆمەسپان- سماقولی بە درێژی 17 کیلۆمەترکە سەر بە قەزای شەقلاوەیەو چاککردنەوەی چەند شوێنێکی داڕماو لە ڕێگای گوندی لێرەمیر لە خەلیفان و فەرشکردن و چاککردنی ڕێگای سەرەکی خەلیفان- گەلی عەلی بەگ- سۆران بەدرێژی 15کیلۆمەترو چاککردنەوەی خیرای چەند شوێنێکی جیا جیا لە ڕێگای سەرەکی مامە جەلکە- ئەسپێنداڕە بەدرێژی 10 کیلۆمەترو کاری چاککردنەوەی خێرا بۆ چەند شوێنێک لە ڕێگای بەستورە-هەنارە- گۆمەسپان بەدرێژی 15 کیلۆمەتر، چاککردنەوەی ڕێگایەک لە سنوری میرگەسۆرو چاککردنەوەیو فەرشکردنی ڕێگای سەرەکی کۆڕێ- شەقلاوە- میراوە بە چینی باینەدرو چاککردنەوەی خێرای ڕێگای بالیسان- خەلیفان و قەشتکردن و ئامادەکردنی ڕێگای بەردەمی سەیتەرەی گۆمەسپان دەستی پێکراوە بۆ ئەوەی بەزووترین کات فەرش بکرێت.



خەبات ـ دهۆک:

حکومەتا هەرێما کوردستان پتر ژسێ ملیار دینارا بو پروژێن خزمەتکاری یێن نیڤەرو ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ تەرخانکرن. ل دور بابەتی ئەندازیار ئوسمان یونس جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ بو کاروبارێن تەکنیکی دیارکر: کو ئەو پروژێن ب ڕێژا 85% هاتینە بجهئینان هەردەما ژلایێ بەلندەرا دسالا 2019ێ هاتنە ب دوماهی ئینان پارێ وان پروژا دێ هێتە مەزاختن، هەروسا ئەو پروژێن ب ڕێژا 75% هاتینە بجهئینان ود سالا 2020 بەلندەرا ب دوماهی ئینان وکەتنە دخزمەتێ دا پارێ وان ژی دێ هێتە مەزاختن.

هەژی گوتنێیە پشتی قەیرانا دارایی ل هەرێما کوردستانێ ل سالا 2014ێ پەیدابوی ب دەهان پروژێن خزمەتکاری یێن جورا وجور دهەموو سەکتەرێن خزمەتکاریدا مابونە نیڤەروو و پشتی کابینا نەهێ یا حکومەتا کوردستانێ کەفتیە کاری وسستبونا قەیرانا دارایی حکومەتا هەرێمێ کوژمەکێ پارەی تەرخانکر بو تومارکرنا وان پروژا ل سەرانسەری هەرێمێ و بەهرا پارێزگەها دهۆکێ سێ ملیار و 400 ملیون دیناربون.

ڕەنگی تاکسییەکان ناگۆڕدرێ

هەفتەی داهاتوو سیستمی نوێ جێبەجێ دەکرێت



خەبات ـ سەبریە یوسف:

دوێنێ بەڕێوەبەری ڕادیۆی لۆکاڵی دەنگ لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دەستگیرکرا، پۆلیس تەنیا زانیاری لەسەر دەستگیرکردنی دەدا و ئەندامێکی ستافی ئەو میدیایەش بەڕێوەبەرەکەی گیراوە دەڵێ، بەپێی یاسای ڕۆژنامەنوسی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە. موقەدەم عەلی جەمال، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، بەبێ پێدانی زانیاری زیاتر بۆ خەبات ڕایگەیاند ڕۆژنامەنوس ئازاد عوسمان لای ئێمەبەند کراوە.

گوتیشی: هۆکارەکەی لای ئێمەنیە لای دادوەرە. دڵشاد ئەنوەر ڕۆژنامەنوس لە ستافی ڕادیۆی دەنگ، بۆ خەبات ئاشکرایکرد: هاوکارمان ڕۆژنامەنوس ئازاد عوسمان بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگ بە پێی یاسای ڕۆژنامەگەری مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکوو بەپێی سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە.

گوتیشی: پێشتریش ئەو ڕۆژنامەنوس لە 2015دا واتا 4 ساڵ پێش ئێستا لەسەر بابەتی ڕۆژنامەوانی گیرابوو، کەچی تازە کەفالەتی هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە لەهەموو ڕوویەکەوە گرتنەکەی نایاساییە.

بەرپرسی لقی 11 دەستخۆشی لە وەزیری تەندروستی دەکات



ڕێکەوتی 2019/11/12 لە بارەگای لقی11 لە ڕانیە، هیوا گەیلانی بەرپرسی لق بە ئامادەبوونی شێخ حەسەن و حەسەن پیرۆت کارگێڕانی لق و کادرانی لقی11 پێشوازیکرد لە دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە سەردانێکی مەیدانی هاتبووە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، لە دانیشتنێکدا جەخت لەسەر گرنگیدان بە بواری تەندروستی دەڤەرەکە کرایەوە. بەرپرسی لقی11ی پارتی سوپاس و دەستخۆشی لە وەزیری تەندروستی کرد کە بایەخ بە سنوورەکە دەدات و پرۆژە و ناوەند و بنکە تەندروستییەکان بەسەردەکاتەوە.

هەمان ڕۆژ بەرپرسی لقی11 بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق، لە هۆڵی بارەگای لق سیمینارێکی بۆ کادرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەربارەی مێژووی پڕ لە سەروەریی پارتی و تێروانین و ڕۆڵی پارتی لە دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان ئەنجامدا. هەر هەمان ڕۆژ بەرپرسی لقی11 بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق، کۆبونەوەیەکی لە گەڵ ستافی ئەنجوومەنی ڕاپەڕینی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ناوەندەکانی سنووریان ئەنجامدا و گفتوگۆو ڕاگۆرینەوەیەکی کراوە لە سەر ڕۆڵ و ئەرکی کادرانی ئافرەت لە ئەمرۆ دا ئەنجامدرا.

بارزان... لە هەفتەی بەرەنگاری مادەهۆشبەرەکان سیمینارێک بەڕێوەچوو



مسلم دۆلەمەری ـ بارزان:

بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە کارگێڕ و ئەندامانی سکرتاریەتی لاوان و ژمارەیەک لە بەرپرس و نوێنەرانی ئیداری و حزبی و ڕێکخراوەیی و جەماوەری و لاوان و قوتابیان، لە هۆڵی لێژنە ناوچەی بلێ لە هەفتەی بەرەنگاری مادەهۆشبەرەکان سیمینارێک بۆ مامۆستا جەواد سوار بەرپرسی نوسینگەی سۆرانی مافی مرۆڤ بە ناونیشانی مەترسی مادەهۆشبەرەکان و چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەیان سازکرا، کۆڕگێڕ باسی لە جۆری مادەهۆشبەرەکان و مەترسییان بۆ سەر ژیانی لاوان کرد، هەروەها باسی لەچۆنیەتی بەرهەمهێنان و ولاتانی بەرهەمهێنان کرد، هەروەها چۆن بونەتە مەترسی بۆ سەر ژیانی ملیۆنان کەس لەجیهان. هەر لە میانەی ئەم سیمیناردا لەلایەن ناوەندی ناوبراو ژمارەیەک ڕۆژنامەنوس و یاریزان و ناوبژیوانی خولی ئەنفال ڕێزو سوپاسیان پێشکەشکرا، مسلم دۆلەمەری-ش وەکو پەیامنێری خەبات لە بارزان ڕێزوسوپاسی پێشکەشکرا .

پۆلیسی هەولێر: ژن و مێردێک بە تاوانی دزی دەستگیر کران



بکەین. باسی لەوەش کردووە: تۆمەتباران بەناوی (ع، خ، ع) تەمەن 31 ساڵ، (چ، ف، ا) تەمەن 19 ساڵ، دوای دەستگیرکردنیان دانیان بەتاوانەکەیاندا ناوە، کە بڕی 3 هەزار و 400 دۆلاری ئەمریکی و 2 ملیۆن و 400 هەزاری عێراقییان دزی بوو، هەروەها 13مسقاڵ زێڕیان لە دراوسێیەکی خۆیان لە شارەدێی ڕزگاری دزی بوو. ئەفسەرەکەی نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی خەبات ئەوەشی خستووەتە ڕوو، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێک خرا و ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەریش بڕیاری دا بە بەندکردنی هەردوو تۆمەتبار بە پێی ماددە 444 لە یاسای سزادانی عێراقی.

دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی خەبات، بە بوونی تاوانێکی دزی لە سنووری بنکەکەیان، پۆلیس دەستبەجێ دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەم ڕووداوە کردەوە و تواناییان ناسنامەی دوو تۆمەتبار ئاشکرا بکەن و دەستگیریان بکەن.

دوێنێ، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا ڕائید فەلاح کەمال کەریم، ئەفسەری نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی خەبات ڕایگەیاندووە: ئاگادارکراینەوە بە بوونی ڕووداوێکی دزی لە سنووری بنکەکەمان، ئێمەش گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە و دەست بە لێکۆڵینەوە کرا، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد و وەرگرتنی زانیاری، توانیمان ناسنامەی دوو تۆمەتبار ئاشکرا بکەین و دەستگیریان بکەین.

ناوەندی وەرزش و لاوانی دارەتوو..

بەخشینی بڕوانە بە دەرچووانی خولی دروومان



ڕۆژی 2019/11/12 ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ دەرچوونی 25 ئافرەتی لە خولی دروومان لە ناوەندی وەرزش و لاوانی دارەتوو بەڕێوەچوو، کە 25ئافرەت تێیایدا بەشداربوون و تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 30 ساڵ دەبوو. خولەکە 25 ڕۆژی خایاند، کە بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی شیکردنەوەی بۆ چۆنیەتی بڕین و دووڕینی جلوبەرگی ئافرەتان کرا. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێوەبەری ناوەندەکە وتاریکی پێشکەش کرد و جەختی لە بەردەوامی خولە یەک لە دوای یەکەکانی ناوەندەکەی کردەوە، کەوا بەردەوام هەوڵدەدەن خولی زیاتر لە هەموو بوارەکان بۆ گەنجانی دارەتوو بکەنەوە. لە هەمانکاتیشدا پێشانگەیەکی جل و بەرکی کوردی نمایش کرا لەلایەن قوتابیانی بەشداربووی خولەکە، پاشان بەشداربووانی خولەکە بە پێدانی بڕوانامەی خول ڕێزیان لێگیرا.

گەرمیان... ڕۆژنامەنووسێک دەستگیر کرا

خەبات ـ سەبریە یوسف:

دوێنێ بەڕێوەبەری ڕادیۆی لۆکاڵی دەنگ لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دەستگیرکرا، پۆلیس تەنیا زانیاری لەسەر دەستگیرکردنی دەدا و ئەندامێکی ستافی ئەو میدیایەش بەڕێوەبەرەکەی گیراوە دەڵێ، بەپێی یاسای ڕۆژنامەنوسی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە. موقەدەم عەلی جەمال، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، بەبێ پێدانی زانیاری زیاتر بۆ خەبات ڕایگەیاند ڕۆژنامەنوس ئازاد عوسمان لای ئێمەبەند کراوە.

گوتیشی: هۆکارەکەی لای ئێمەنیە لای دادوەرە. دڵشاد ئەنوەر ڕۆژنامەنوس لە ستافی ڕادیۆی دەنگ، بۆ خەبات ئاشکرایکرد: هاوکارمان ڕۆژنامەنوس ئازاد عوسمان بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگ بە پێی یاسای ڕۆژنامەگەری مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵکوو بەپێی سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە. گوتیشی: پێشتریش ئەو ڕۆژنامەنوس لە 2015دا واتا 4 ساڵ پێش ئێستا لەسەر بابەتی ڕۆژنامەوانی گیرابوو، کەچی تازە کەفالەتی هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە لەهەموو ڕوویەکەوە گرتنەکەی نایاساییە.

بڕیاری قەدەغەکردنی نایلۆن لە نانەواخانەکان جێبەجێ دەکرێت، زەرفی کاغەز بەکار دەهێنرێت

بەڕێوەبەری کاروباری پاراستنی تەندروستی هەولێر: حکوومەتی هەرێم بڕیارداوە زەرفی کاغەز لە جیاتی نایلۆن لە نانەواخانەکان بەکار بهێنرێت

نانەواخانەکان: قەدەغەکردنی نایلۆن بڕیارێکی باشە، بەڵام زیان بە نانەواخانەکان دەگەیێنێت

هاوڵاتیان: بڕیارەکە وابەستەی پابەندبوونی نانەواخانە و سەمونخانەکانە، ئەگەر ئەوان پێوەی پابەند نەبن واتا هیچ نەکراوە

بەدواداچوون: سەید فاتیح بەرزنجی

وەزارەتی تەندروستی هەرێم لەپێناو پاراستنی تەندرووستی هاوڵاتیان و کەمبوونەوەی کاریگەرییە خراپەکانی کیسی نایلۆن لە هەموو سەمونخانەو نانەواخانەکان بڕیاری قەدەغەکردنی دراو داواشی لە هەموو نانەواخانەو سەمونخانەکان کرد، کە لەبری کیسی نایلۆن کیسی کاغەز بەکاربهێنن لەبەر ئەوەی کیسی نایلۆن زیان بەتەندروستی هاوڵاتیان دەگەیەنێت. دیارە ئەو بڕیارە بۆ بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان و لەپێناو سەلامەتی ئەواندایە، بۆیە ئەو بڕیارە دەرچوەو پێویستە نانەواخانەو سەمونخانەکان ئەو کاتەی کە ڕێککارە یاساییەکان دەرچوون و تەواو بوون پابەندی بڕیارەکە بن.

بۆ ئەو بڕیارە نانەواخانەکان چی دەڵێن..؟

سەبارەت بەو بڕیارە ڕۆژنامەی خەبات ئەو بەدواداچوونەی کردو لەسەرەتادا سەردانی ژمارەیەک نانەواخانەمان کرد:

لەگەڕەکی مەنتکاوە محەمەدی نانەوا گوتی: بڕیارێکی گرنگەو ئێمە پابەندی دەبین چونکە لەپێناو سەلامەتی تەندروستی هاوڵاتیانە.

مام کاکلی نانەوا گوتی: ئەگەر زەرەرمەندیش بین ئەوا پابەندی بەکارهێنانی زەرفی کاغەز دەبین.

شاکری نانەوا گوتی: پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار چەندین جۆری زەرفی کاغەز دابین بکات و نرخی کیسی نایلۆن هەرزانترە لە زەرفی کاغەز.

سەعیدی نانەوایش گوتی: ئەگەر هاتوو بڕیارەکە تەواو بوو لەسەرلایەنی پەیوەندیدار پێویستە ئاگاداری نرخی زەرفی کاغەز بێت تا خاوەنی نانەواخانەو سەمەنخانەکان بتوانن بیکڕن.

پاراستنی تەندروستی: بەکار هێنانی نایلۆن لە نانەواخانەکان قەدەغە دەکرێت

دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز بەڕێوەبەری کاروباری پاراستنی تەندروستی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەڕۆژی 15/10فەرمانێکی وەزاری لەوەزارەتی تەندروستی دەرچوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕێنماییە کە دەست بکرێت بە بەکارهێنانی کیسەی کاغەز لە جیاتی نایلۆن بۆ پارێزگاکانی هەرێم و لە ڕۆژی 15/10فەرمانەکە دەرچوولە ئێستادا خەریکی کارکردنین لەسەر ئەو فەرمانەی وەزارەت و ئەوکارە هەربەتەنها لەلایەنوەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ئەنجام نادرێت پێویستە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی دیکەی لەگەڵدابێت بۆئەو مەبەستە کۆبوونەوە لەسەر ئەو بابەتە ئەنجام بدەین بۆئەوەی تاوتووی بابەتەکە بکەین و کۆبوونەوەکەش لەگەڵ نوێنەری پارێزگا بۆ ئەوەی لە قایمقامیەتەکان جێبەجێ بکرێت بەئەندامیەتی نوێنەری پیشەسازی و کارەکەش جێبەجێ دەکرێت تەنها ئالیەتەکە ماوەو کاتی دەوێت بەڵام بۆ کۆبوونەوەکەش بەئامادەبوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و نوێنەری کۆمپانیای دانەوێڵەو ژینگەشمان لەگەڵدایە و ئەو کاتەی کە کۆبوونەوەکەمان ئەنجامدا هەوڵ دەدەین تا ئالیەتی ئەنجامدانی کارەکان ڕێک بخەین بۆ بەکارهێنانی زەرفی کاغەزو لەنزیکەوە دەزانین کە تێچووی زەرفی کاغەز گرانترەو سەردانی ژمارەیەک لە فڕنەکانمان کردو ڕای ئەوانمان وەرگرت و لەبازاڕیش پرسیاری ئەوەمان کرد کە کاغەز بەچەندەو نایلۆنەکە بەچەندەو پەیوەندیمان کرد بە بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی تا بزانین چەند کارگە هەیە، ئەو هەنگاوەی ئێمە بۆ ئەوەیە تا کاغەزەکە هەبێت تا بتوانین فەرمانەکە جێبەجێ بکەین کۆبوونەوەکان بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگە چارەیە بۆ بابەتەکەو کارەکەش پێویستی بەکاتی زیاتر هەیەو پێویستە هاوڵاتیان ئەوە بزانن کە نایلۆن بۆ خراپە لەبەر ئەوەی کە نایلۆن بۆ تێشکردنی سەمونی گەرم کاریگەری خراپی هەیە بۆ سەر تەندروستی خەڵکی و چەندین تیمی تەندروستیمان هەیە کە ڕۆژانە سەردانی سەمونخانەو نانەواخانەکان دەکات و لە پاک و خاوێنی ئەو شوێنانە دەپرسێتەوە جگە لەوە کارلەسەر دەرهێنانی مۆڵەتی کارتی تەندروستی دەکەن و چەند مەرجێک هەیە بۆ دەرهێنای ئەو کارتە تەندروستییە لەهەمووی زیاتر پاک و خاوێنییەو کرێکارەکان پێویستە لەکاتی دەرهێنای کارتی تەندروستی چەند پشکنینێکیان بۆ دەکرێت تا بزانن نەخۆشی گوازراوەیان هەیە یاخود نا تا خەڵکی دیکەیش تووش نەبن و تیمەکانمان لەکەمو کوڕیەکان هەرگیز نابوورن و چەندین شوێنمان لەسەر کەمتەرخەمیەکان و لەکاتی دووبارە بوونەوەی کەمتەرخەمیەکان بە پارە غەرامە دەکرێن و هەرچەندەی کەموکڕی هەبێت زیاتر سزا دەدرێت تا دەگاتە داخستن و تیمەکان بەردەوام سەردانی هەموو نانەواخانەکانی هەولێرو دەوروبەر دەکەن و هاوڵاتیان لەکاتی بینینی هەر سەرپێچیەک دەتوانن تیمەکانی لێ ئاگادار بکەنەوە تا بتوانین کاری لەسەر بکەین.

هاوڵاتیان: ئەو بڕیارە بۆ بەرژەوەندی هاوڵاتیانە

سەبارەت بە بەکارهێنای زەرفی کاغەز ژمارەیەک لە هاوڵاتیان قسەیان هەبوو، مامۆستا جەعفەر گوتی: بڕیارێکی گرنگە، بەڵام پێویستە بە زووی جێبەجێ بکرێت و خاوی پێوە دیار نەبێت.

کەریم عەلی گوتی: پێویستە ئەو زەرفەی کە دروست دەکرێ تووندوتوڵ بێت و زوو نەدڕێت و جۆری گەورەو بچووکی هەبێت.

مام سلێمان گوتی: بڕیارێکە لەجێی خۆیەتی، بەڵام پاک و خاوێنی نانەواخانەو سەمونخانەکانیش زۆر گرنگە و مەرجی سەرکەوتنی بڕیارەکەیش وابەستەی پابەندبوونی نانەواخانە و سەمونخانەکانە، ئەگەر ئەوان پێوەی پابەند نەبن واتا هیچ نەکراوە.





کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیا لە سەرهەڵدان و تێپەڕاندنی قەیرانەکاندا

کێبڕکێ لە بە بازاڕکردن

باشترین وانەیەک بوو لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هاتە ئارا



ئا: ل. ڕیپۆرتاژ

هیچ قەیرانێک بوونی نییە بەبێ بوونی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیران، هەروەها هیچ قەیرانێک نییە بەبێ بەڕیوەبردن، هیچ بەڕیوەبردنێکیش نییە بەبێ مەرج و بارودۆخی تایبەت، ئەوەی کە پەیوەندی بە بەڕیوەبردن و ڕۆڵی سەرۆکی کارگێڕییشەوە هەیە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا جێی بکەینەوەو باشترە لە نمایشکردنی وردەکاری و شیکردنەوە.

هەموو ئەوانەیش هاوکارمان دەبن لە وێناکردنی قەیرانەکەو چۆنیەتی بەڕیوەچوونی، جیهان ئەمڕۆ بەردەوامە، بەشێوەیەکی خێرا و بە کەم و زیاد کردنەوە، دەبینین کەشتی مای فلاوەرز بە سێ مانگ زەریای ئەتڵەسی بڕی بە ساڵی 1924دا، بەڵام گەیشتەکەی تشارلو لیندینرگ بە فڕۆکە تەنها 24 کاتژمێری خایاند، کەچی ئێستا فڕۆکەی کۆنکۆرد تەنها بە سێ کاتژمێر ئەو مەودایە دەبڕێت. هەروەها موشەکە بالیستییەکان دەتوانن بە کەمتر لە سی خوولەک هەمان دووری ببڕن.

لە ساڵی 1990دا ئەو سێ لەسەر یەکی ئەو تێچوونە هەیە لە گەشتێک کە لە ساڵی 1950دا کراوە، هەوەهاش سەبارەت بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوان نیویۆرک و لەندەن لە ئێستادا تەنها 6%ی ئەو تێچوویە کە لە نیوەی سەدەی ڕابردوو هەبووە، هەموو ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییانە لەبەردەوامی و زیادبوونیشدان بەشێوەیەکی فراوان و خێرا و بەرچاو، هەروەک چۆن لە ئێستادا ئینتەرنێت و ئیمەیڵ لەوپەڕی خێرایيدا گەشە دەکەن، کە کۆالیتی و خێرایی و تێچوویان گۆڕانێکی گەورەی تیادا بەدی دەکرێت.

بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو جیاوازییانەی لەنێوان شمشێر و چەک و چەکی ئەتۆمی هاتوونەتە ئارا، ڕەهەندێکی دیکەی تازەو نوێ دراوە بە چارەسەری قەیرانەکان ئەوەبوو هەندێک لەو ڕەگەزانە مانەوە لە سیاسەتدا بە تێپەڕبوونی چەرخ و سەردەمیشەوە، هەر زۆرینەیان دیلی دەستی نووسەرێکی نادیارن، کە نایانەوێ ناوی بهێنن.

نموونەیەکی ڕوونتریش لەسەر ئەوە، ئەوە گەشەسەندنیە کە واتای زیادکردنی توانا خوودیيەکان دەدات بۆ چارەسەری کێشەکانی گۆزانکاری و بەوەیش دەبێتە دەرچەیەکی پێگەیشتووی بەڕیوەبردنی قەیران و ململانێ و کارەساتەکان لە ڕێگەی بەشداریيەکی میللیدا، هەروەها گەشەی کارگێڕی بووەتە تەوەری جوولەکردنی سیستەمی سیاسی نوێ، واتا ئەو شێوازە کارگێڕییە گونجاوانەی بۆ بەکارخستنی دەزگا کارگێڕییەکان بەکار دێن.

لە کاروباری دیکەیش وەک نموونە کە پەیوەندییان بە بەڕیوەبردنی ئاییندەوە هەیە، دەبینین لە یابان دروستکردنی کێکی بچووک کە پێکهاتەکەی کەمترە لە 2٪ لە مادەی خاو و وزە، لەنێوان ساڵانی 1965-1985 دا دوو هێندە بووە، بەڵام بەکارهێنانی مادە خاوەکەو وزە هیچ گۆڕانێک تێدا نەکراوە، زیاتریش لەوە ئێسبارتەوە تا ئەسکەندەر و خالیدی کوڕی وەلید هوە تا دەگاتە کردە سەربازییەکانی ئێستا، باشترین نموونەیش لەسەر ئەوە ئەو مامەڵەکردنەیە لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە لەسەر بنەمای شادەمارەکانی ئاسایش و پشت بەستن بە خوود و هەڵبژاردەی نێوان جەنگ و دانوستان و چەند فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر وەستاون، هەروەها ناشکرێ چاوپۆشی لەو بیردۆز و ڕاستییەکانە بکەین کە هەندێکیان بە بەکارهێنانی چەند بیردۆزێکەوە پابەندن، ئابووریناس جۆن م. کنین لەوبارەیەوە دەڵێت: پیاوانی کار ئەوانەی زانستییانە کار دەکەن و پێیانوایە هیچ بیردۆزێک بەکار ناهێنن، کۆمپانیای هیوندای ئەکسل کە خاوەنی باشترین ئۆتۆمبێل بوو لە ساڵانی نێوان 1987- 1988 و ئۆتۆمبێلی کۆڕی ڕەوانەی ئەمەریکا دەکرد، کە لەماوەی 15مانگدا 400000 ئۆتۆمبێلی فرۆشت، کە ئەوەیش خێراترین گەشەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە لە جیهان و لە مێژووشدا، بەڵام بە هاتنی ساڵی 1990 واتا دوای دوو ساڵ ئۆتۆمبێلی ئەکسل بەتەواوی لەبەر چاو ون بوو.



پارێزەر: عومەر سەیدزادە

کورد لاواز نییە

مەسەلەی هەموارکردنەوەی دەستوور ترسێکی خستۆتە دڵی زۆرێک لە خەڵکی کوردستان و لەوە دەترسن عەرەبەکان بەسوودوەرگرتن لە زۆرینەیان لە رووی ژمارەوە دەست بۆ ئەو مافانەی کورد ببەن کە لە دەستوور چەسپێنراوە، سەرچاوەی ئەو ترسەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانە بە لایەنی بەرامبەر چونکە تا ئێستا هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی عەرەب و عیراقی پشتگیری خۆیان بۆ فیدرالیەت دەرنەبڕیوە فیدرالیەت بە چارەسەرێکی گونجاو نازانن بۆ کێشە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی عیراقی مۆزائیک، هەروا هەندێکیشیان بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ فیدرالیەت و ئەو مافانەی بە کورد دراوە نەشاردۆتەوە، هەروا شەقامیش بە دژایەتیکردنی دەستورو ئەو مافانە دنە دەدەن، تەنانەت ئەوانەی دژی فیدرالین ئۆبالّی شکستهێنانی حکومەتی عیراق و خراپیی بارودۆخی ناوەڕاست و باشوور دەخەنە ئەستۆی دەستوور و فیدرالیەت لە کاتێکدا پەیوەندی نێوانیان ئاسمان و ریسمانەو نە دەستوورو نە فیدرالیەت ریگر نین لەوەی حکومەتی فیدرالی کارەباو ئاو بۆ خەڵکەکەی ژێر دەسەلێتی دابین بکات و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێ، بۆیە ترسێک ناخی خەڵکی کوردستانی داگرتووە و دەڵێن ئەوەی لە سالّی 2004 بەدەستمان هێناوە رەنگە ئێستا لە دەستی بدەین، بەڵێم ئەوە راست نییە و پێویست ناکا بەو ئەندازەیە نیگەران بین چونکە ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ئێستاو سالّی 2004 بکەین ئێستا پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزترە لەبەر ئەم هۆیانە:

1. هەرێمی کوردستان ئامرازی دەستووریی بەدەستەوەیە بۆ ڕێگریکردن لە هەر هەموار کردنێکی دەستوور ئەگەر دەست بۆ ئەو کەمکردنەوەی مافەکانی کورد ببات، ئەویش بە پێی هەردوو مادەی 126و 142ی دەستوور، ئەگەر هەموار کردنەکە بە پێی مادە 126 بێت ئەوا مەرجە پەرلەمانی کوردستان دەنگ بە هەموارکردنەکە بدات و دواتریش خەڵکی کوردستان لە ڕاپرسیەکدا پەسندی بکەن، ئینجا لەسەر ئاستی عیراقدا دەخرێتە ڕاپرسییەوە، ئەگەر بە پێی مادە 142یش بێت ئەوا دوو لەسەر سێی پارێزگاکان دەتوانن ڕەتی بکەنەوە و دەنگی پێ نەدەن، بۆیە عەرەب بە پشتیوانی زۆرینەیان ناتوانن شتێک بسەپێنن ئەگەر خەڵکی کوردستان خۆی پێی ڕازی نەبێت، ئەوەش خاڵێکی زۆر بەهێزە بۆ کورد.

2. لە سالّی 2004 کە دەستوور دەنوسرایەوە، یان بە واتایەکی دیکە کە ئەو گرێبەستە سیاسیی و قانونیە لە نێوان لایەنەکانی عێراق دەنوسرایەوە ئەگەرچی کورد لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە لەلایەنی بەرامبەر بەهێزتر بوو هەروا بەشێک بوو لە هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، هەروا لە ئێستا یەکگرتوتر بوو، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە لە لایەنی بەرامبەر لاوازتر بوو، چونکە ئەوکات کورد تەنیا ئەو مافەی هەبوو کە لە یاسای حوکمی زاتی سالّی 1974 پێی درابوو کە ئەویش تەنیا چەند مافێکی ڕۆشنبیری بوو هیچ ماف و دەسەلێتێکی سیاسی نەبوو، بەڵێم لایەنی بەرامبەر میراتگری دەسەلێتی عێراقی بوون و پشتەستوور بوون بەو یاسایانەی لە عیراق بەرکاربوون کە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی خستبووە ناو دەستی بەغدا و هیچ مافێکی سیاسیی بە کورد نەدابوو، بۆیە ئەو کات کورد لە خاڵی سفرەوە دەستی پێکرد، ئەوکات کورد زیاتر پێویستی بەوە هەبوو لایەنی بەرامبەر ڕێز لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیەکانی بگرێ و بە داواکاریەکانی ڕازی بێت و لایەنی بەرامبەر پێویستی بە ڕەزامەندی کورد نەبوو بۆ جێگیرکردنی فیدرالیەت و بەخشینی دەسەڵاتی سیاسی بە هەرێمی کوردستان، پێگەی کورد لاوازتر بوو، ناچار دەبوو تەنازول لە هەندێ شت بکات بۆ لایەنی بەرامبەر و دانوستان بکات تاکو ئەو بە هەندێک داواکاری بنەڕەتی کورد ڕازی بێت، بەڵێم ئێستا دۆخەکە جیاوازە، ئێستا بەلایەنی کەمەوە هەرێمی کوردستان ئەو مافانەی هەیە کە لە دەستوردا جێگیر کراون، ئێستا هەر هەموارێک بیەوێ مافێک لەو مافانە کەم بکاتەوە لایەنی بەرامبەر دەکاتە داواکار و کورد دەبێتە داوالێکراو، ئەوش پێویستی بە (بەڵێ)ی کورد هەیە، بۆیە ئێستا لە ڕووی یاساییەوە پێگەی کورد بەهێزترە وەک لە سالّی 2004 کە دەتوانین بڵێین ئەو کات هیچ پێگەیەکی یاسایی نەبوو، بۆیە ئێستا لایەنی کوردی ئەگەر نەشتوانێت هیچ داواکاریەکی خۆی بەسەر لایەنی بەرامبەر بسەپێنێت ئەوا تەنیا بە وەرگرتنی هەڵوێستێکی نەرێنی دەتوانێ کۆسپ بۆ لایەنی بەرامبەر دروست بکات.

3. کورد ئێستا دەتوانێ کار لەسەر بەدەستهێنانی مافی زیاتر بکات، چونکە دەتوانێ ژمارەیەکی زۆری داواکاری بخاتەڕوو، بە پشتیوانی کارتی دەنگدان بە لایەنی بەرامبەر بڵێت ئەگەر بە هەموو یان هەندێ لە داواکاریەکانی ڕازی نەبێ ئەوا کوردیش لە ریفراندۆم دەنگ بە هەموارکردنەوەکە نادات بە تایبەتی ئەگەر هەموار کردنەکە بە پێی مادە 142ی دەستوور بکرێت، چونکە ئەوکات بە فەشەلهێنانی هەموارکردنەکە کورد یان هەرێمی کوردستان هیچ زەرەر ناکات بەڵێم لایەنی بەرامبەر هەست بە شکست دەکات، بۆیە ئەوە هاندەریان دەبێ تاکو کورد ڕازی بکەن و هەندێ داواکاری تازەی قبول بکەن.

4. لە سالّی 2004 هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی لە دەستووری عێراقدا دان پێدانراو نەبوون، بەڵێم ئێستا ئەم قەوارەیە بوونێکی دەستووری هەیە و جێگەی خۆیشی لە کۆڕی نێو دەوڵەتی کردۆتەوە، هەروا سەرۆکێکی دەستووری هەیە، بۆیە ئێستا کوردستان مەرجەعێکی دەستووری هەیەو پشتیوانێکی نێو دەوڵەتیشی هەیە، کە لە سالّی 2004 وانەبوو، بۆیە دەستبردن بۆ ئەو دامەزراوانە کارێکی ئاسان نییە.


5. ئێستا کورد لەسەر ئاستی جیهاندا بەتایبەتی لە دوای شەڕی داعش ناوبانگێکی جوان و شەرەفمەندەی هەیە وەک بەرگریکارێکی بەهێز لە ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ڕاوەستان لە دژی تیرۆریستان.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە کورد و هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی لاواز نین، بگرە لە سالّی 2004 بەهێزترن.



یەک دەنگی کورد لەبەغدا لەنێو ئەجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕێگری کردن لەهەر پیلانێکی دوژمنکارانەیە

مەرجەعی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانی



دکتۆرە مەیادە محەمەد نەجار*

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قەیران و گرفتە جۆراوجۆرەکان هەڕەشەیەکی نامۆ لە عێراق دەکەن و لە ئێستادا ئەم وڵاتە بەهۆی سیاسەتی هەڵەی ساڵانێکی دووروودرێژ نوقمی گەورەترین قەیرانی ئابووری و مرۆیی و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش بووە و گۆرانکارییە جەوهەرییەکان بەجۆرێکی زۆر خێرا ڕوویان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کردووە، ئەستەمە ڕێگری لێبکرێت.

لەلایەکی ترەوە گرفتەکان بەرەڕکی چەندین وڵاتی گرتۆتەوە و ناڕەزایی جەماوەری تەنگی بەهەردوو وڵاتی عێراق و لوبنان هەڵچنیەوە، ئەم ڕەوشە نامۆیەی کە باسمانکرد ناسەقامگیریەکی بەرهەمهێناوە هەڕەشە لەناوچەکەدەکات و گشت تاکێکی ئەم وڵاتە شکستخواردوانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەست بە نائارامی و دڵەڕاوکیی بەردەوام دەکەن و هەڕەشەی جەنگی ناوخۆیی بەڕۆکی گرتوون.

لەم کاتە ناهەمواردا جەنگێکی ماڵوێرانکەر ڕووی لەڕۆژئاوای کوردستان کردووەو قەیرانێکی نامۆیی هەڕەشە لە ملیۆنان کەس دەکات، دۆخێکی نائارام هەڕەشەیەکی نادیاری دروستکردووەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار هەنگاو دەنێت، تەنانەت گشت میللەتانی ناوچەکە بەرەو دوربانێک لەنامۆبوون و فەنابوون دەبات.

لەم ڕۆژگارەدا خۆپێشاندانەکانی عێراق لەلایەن هەندێک لە سیاسەتمەدارانی شۆڤێنیەوە بۆ مەبەستی تایبەت بەکاردێت و دەیانەوێت دژایەتی هەرێمی کوردستان بکەن، لەکاتێکدا پرسیار ئەوەیە ئایە نەبوونی خزمەتگوزاری چ پەیوەندیەکی لەگەڵ دەستوور هەیە، باشە بۆ مافە بنەڕەتیەکانی کورد کراوەتە بابەت لەپرسێکی وەهادا، یان سیاسەتمەدارانی عێراق دەیانەوێت خۆپێشاندانەکان بکەنە هۆکارێک بۆ لیدانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان.

لەم ساتەدا بەرێبەرایەتی مەرجەعی نەتەوەیمان ڕێزدار (سەرۆک مسعود بارزانی) بەسیاسەتێکی حەکیمانە هەنگاوەکانی بۆ یەکڕیزی نیشتمانی دەست پێکرد چونکە تاکە ڕێگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیلانی شۆڤێنیە عەرەبەکان هەنگاونانە بۆ یەکڕیزی نیشتمانی چونکە لەم ساتە وەختەدا کوردستان لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەیەک دەنگی هەیە، بەتایبەتی لەپاراستنی شکۆی دەستوور و یەک دەنگی لەکاتی بەرێوەچوونی هەموارکردنەوەی دەستووردا.

بەگوێرەی دەرکەوتنی ڕووداوەکان و پێشبینیکردن و هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداوە سیاسیەکانی شەقامی عێراقی، کوردستان لەبەردەم مەترسیەکی گەورەیەو تاکە دەرگاش بۆ ڕزگاربوون لەم مەترسییە یەکریزی نیشتمانیە چونکە دوورستکردنی یەکڕیزی چەند ئامانجێک دەپێکێت لەوانە دروستکردنی یەک دەنگی کورد لەبەغدا لەنێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕێگری کردن لەهەر پیلانێکی دوژمنکارانە، ئەمیش لەڕێگەی دوورستکردنی فراکسیۆنێکی کوردستانی هاوبەش کە پرۆگرامێکی تۆکمەی هاوبەشی هەبێت و پرۆژەی نیشتیمانیەکان بەجۆرێک گەڵاڵە بکرێت کەتەواوی لانەیە سیاسیە کوردستانیەکان لە بەغدا لەسەر یەک میز کۆبکاتەوە بەخودی سەرۆک کۆماریشەوە هەڵوێستێکی تۆکمە بنیات بنیت، چونکە لەم کاتەدا مەرجە سەرۆک کۆماریش وەک سەرکردەیەکی سیاسی کوردستانی هەڵوێستی هەبێت و دەستەڵاتی خۆی لەم پێناوەدا بەکاربهێنێت، ڕاشکاوانە ئەوە بڵێت کەمن کوردم بەرگری لەپرسی کورد بکات، نەک وەک عێراقیەک لەبەغداوە قسەبکات.

هەنگاوەکانی فریادڕەسی لەم ساتەدا تەنیا بەیەکڕیزی نیشتمانی دەبێت و پێویستە تەواوی حزبە کوردستانیەکان بەدوای پەیامەکەی مەرجەعی نەتەوەیمان ڕێزدار (سەرۆک مسعود بارزانی) بکەون و هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی یەکڕیزی بخەنەگەڕ، مەرجە پەیامەکەی مەرجەعی نەتەوەیمان ببێتە هەوێنێک بۆ داگیرساندنی مەشخەڵی نوێبوونەوەی خەبات و تۆکمە کردنی هەڵوێستە نیشتمانیەکان، بنیادنانی یەکڕیزی نیشتمانی.

کۆبوونەوەی لوتکە

پارتی دیموکراتی کوردستان بەدرێژای مێژوو خاوەنی پەیامی یەکڕیزی و هەڵگری پرۆژەی نیشتمانی بووە، هەموو کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەوڵی دروستکردنی یەکڕیزی نیشتمانی و بنیاتنانی کوردستانێکی بەهیزی داوە، لەم چوارچێوەیەدا تەواوی هێزە کوردستانیەکان لە هەوڵێری پایتەخت کۆبوونەوەیەکی لوتکەیان ئەنجامدا لەم هەنگاوەشدا بۆ بنیاتنان و بەهێزکردنی پێگەی کورد لەبەغدا و گەیاندنی پەیامی نیشتیمانی و یەکڕیزی بوو، کەخۆی لەخۆیدا کۆبوونەوەکە ئامانجێکی ڕوونی نیشانی تەواوی هێزە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکەدا.

ئەوەبوو تەواوی هێزە کوردستانیەکان لەسەر بانگێهشتنی مەرجەعی نەتەوەیمان کۆبوونەوەیەکی لوتکەیان بەسەرپەرشتی ڕێزدار (نیچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، ئەم کۆبوونەوە هەڵگری پەیامێکی گرنگ و تایبەتمەندبوو بۆ نەیارانمان وەلامێکی جەرگبڕبوو بۆ سەرجەم ناحەزانی کوردستان، ئەوەی سەلماند کە میللەتی کورد هەمیشە لەژێر چەترەی نەتەوەیەتیدا یەکگرتوو دەبێت و هەنگاوەکانی بۆ پاراستنی یەکڕیزی نیشتیمانی بەردەوام دەبێت، ئەم هەنگاوە کۆمەڵێک ڕەهەندی گرنگی هەیە کە شایستەی هەڵوێستەکردنە کەتەواوی کوردستانیەکان لەژێر پەیامی مەرجەعی نەتەوەیمان یەک دەگرن و بەرەنگاری دوژمنانی نەتەوەکەمان دەبنەوە و شکست بەسەرجەم پیلانەکان دەهێنن.

هەنگاوەکان

بنیاتنان و هەنگاونان بۆ دوورستکردنی بەرەیەکی نیشتیمانی لەم ساتە هەستیاردا بەچەند قۆناغێک دەکرێت، هەر لەدروستکردنی فراکسیۆنی هاوبەش لەبەغدا ، دروستکردنی یەکدەنگی لەنێوانی تیمی هێزە کوردستانیەکان لە بەغدا بەخودی سەرۆک کۆمار بۆ گەلی کورد بەکەمتر لەوەی کە هاتووە لە دەستووری عێراق نابێت ڕازی بێت، بەواتایەکی دیکە ئەگەر هەموار دەستوور بە ئاڕاستەی زیاتر بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و مافی پێکهاتەکان نەبێت بەتایبەتی گەلی کوردستان، ئەوکات دەبێ لە دەستووردا ئەوە بنووسرێ کە کوردستان ئەومافەی هەبێت ئاشتیانە کار بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی 2017 بکات و حەقی ئەوەی هەبێت بڕیتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. چونکە تاکە چارەسەر بۆ کۆتاییهێنان بەو هەموو ترس و نەهامەتییە و کوشتن و ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنی بە زۆر و پیلانی نێودەوڵەتی و ناوچەی وەک ئەوەی لە ئۆکتۆبەری 2017دژ بە خواستی گەلی کورد ئەنجام درا دووبارە و هەزاربارە نەبێتەوە.

ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە کورد بە زۆرینەو کەمینە هیچی پێ نەکرێت لە عێراقی زۆرینەی عەرەبدا، بۆیە پێویستە کورد، یەکەم جار مەرجی خۆی هەبێت لە ناو هەمواری نوێی دەستووردا کە گەلی کورد بەکەمتر لەوەی کە هاتووە لە دەستووری عێراق نابێت ڕازی بێت، بەواتایەکی دیکە ئەگەر هەموار دەستوور بە ئاڕاستەی زیاتر بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و مافی پێکهاتەکان نەبێت بەتایبەتی گەلی کوردستان، ئەوکات دەبێ لە دەستووردا ئەوە بنووسرێ کە کوردستان ئەومافەی هەبێت ئاشتیانە کار بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی 2017 بکات و حەقی ئەوەی هەبێت بڕیتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. چونکە تاکە چارەسەر بۆ کۆتاییهێنان بەو هەموو ترس و نەهامەتییە و کوشتن و ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنی بە زۆر و پیلانی نێودەوڵەتی و ناوچەی لە ئۆکتۆبەری 2017دژ بە خواستی گەلی کورد ئەنجام درا دووبارە و هەزاربارە نەبێتەوە.

ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە کورد بە زۆرینەو کەمینە هیچی پێ نەکرێت لە عێراقی زۆرینەی عەرەبدا، بۆیە پێویستە کورد، یەکەم جار مەرجی خۆی هەبێت لە ناو هەمواری نوێی دەستووردا کە

*ئەندامی ئەجوومەنی نوێنەران.

لە هەمواری دەستووری عێراقدا لەگەڵ بین یان دژی؟!



فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد

لە بەرامبەر هەر پێشێلکردن و بێ مافیەک دەرهەق بەکورد چارەنووسی خۆیی بەدەستی خۆی بێت، لە حاڵەتی دووەمیشدا پێویستە پەنا ببات بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەی کە هاوکار و پاڵپشتی بێت بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی کە لە دەستووری ئێستادا هاتووە، تا نەوەک بەئاسانی و زۆرینەی عەرەبی عێراقی دەستووریکی نادیموکراسی و دوور لەماف و خواستی گەلی کورد بنووسنەوەو بەسەریدا بسپێنرێت، واتا شتێک بێت لەوەی زۆربەنە دەیانەوێت نەک لەوەی کورد مافییەتی!.

لەم پێودانگانەشەوە کورد ناتوانێت دژی هەموواری دەستوور بێت، بەڵکو چاکترە لەگەڵ بێت بەرێگاو میکانیزمی خۆی. کەباشترین بژاردە مەرجی خۆی هێنانە ناوەوەی دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ئامادەو بەشدار بێت لەو هەمواریەی کە بەنیازە بکرێت لە دەستووری پەسندکراوی 2005 بۆئەوەی ئەگەر دژایەتی ماف و خواستەکانی گەلی کوردستان بکرێت لەلایەن لایەنی سێیەم کە زۆرینەی نەتەوەی عەرەبە، ئەو مافە بە کورد بدرێت چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی بێت و نەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر.

یادی چلەی ماتەمینی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵدا



د. عیزەدین کەسایەتییەکی ناسراو و هەڵکەوتووی بواری ڕۆشنبیری و سیاسییەو پسپۆڕو شارەزایەکی بە ئەزموون و گەورەی ئەکادیمیی بواری ئەدەب و ڕێزمانی کوردییە، هەمیشە و لە هەموو سەردەمێکدا جێ دەستی دیاربووە و خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی کردووە، جگە لەوانەیش وەک کەسێکی چاکەخوازو چاکسازو هەڵگری ئالای تەبایی و برایەتیی نێوان ڕێزەکانی گەلی کورد ناسراوەو پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پێکهاتنەوەی ڕیزەکانی نێو بزووتنەوەکانی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا، هەر لە سالانی ڕابردووەوە تا دەگا بە ئەمڕۆ، ئەم پیاوە وەک خەمخۆر و دڵسۆزێکی بەوەفا ڕۆڵی بەرچاوی لە خزمەتی گەل و نیشتماندا گێڕاوە. لە سالی 1934دا لە سلێمانی لەدایک بووەو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە. خاوەنی بڕوانامەی دوو دکتۆرایە، یەکەم دکتۆرای لە (باکۆ) لە سالی 1963دا وەرگرتووە و دکتۆرای دووەمیشی کە بە (ناوک) ناو دەبرێ، لە سالی 1977دا لە مۆسکۆ وەرگرتووە.

لە دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە سالی 1969دا ڕۆڵی دیاری بووە، سەرەتا جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەران بووە، پاشان لە سالی 1978وە تا سالی 2010 سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە. بەو هۆیەی لە سالانی شەستەکاندا ئاوێتەی نێو کاری شۆڕش و سیاسەت بووە، نزیک بووە لە مستەفا بارزانی و لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوە و ڕۆڵی دیاری تێدا بینیوە، وەک کەسایەتییەکی سیاسی و ڕۆشنبیر و ناسراوی نەتەوەکەمان لەو گۆڕەپانەدا جێ دەستی دیارە. بۆ گێڕانەوەی ئەو یادگاری و ڕۆژگارە سەخت و دژوارانەو چەند ئاکارو کردەوەو هەڵوێستی بارزانی، لە شاری سلێمانیدا زانیار سەردار قەرگەیی سەردانی پرۆفیسۆر دکتور عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ کرد و دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەتەکدا سازکرد و لە کتێبی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" بڵاوکردۆتەوە.

*** سەرەتا زانیار قەرگەیی لە پرۆفیسۆر دکتور عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەپرسێ، چ زانیارییەکتان هەیە لەسەر بارزانییەکان، کاتێ لەسەر هەڵوێستی کورد‌ایەتی ئاوارەو دەربەدەرکراوبوون و بۆ ماوەیەک لە شاری سلێمانی نیشتەجێ کراوبون؟**

– جارێک لە شوێنێکدا گوتم: ئەو سالانەی کە ئێمە میوانی برا بارزانییەکان بووین لە شاری سلێمانیدا، سالی 7391و 8391 بوو، بەڵام باش لەبیرمە، سالی 3491 کە بارزانیی نەمر بە ڕێکەوت لە سلێمانییەوە بۆ ئەو دیوی ئێران و پاشان گەیشتەوە بارزان، کاتێک لە سلێمانی بوون نازانم ژمارەیان چەند بوون، بەڵام لەوکاتەدا ئێمە منداڵ بووین، مامەکەیان سەردەمێک لە گەڕەکی شێخان بوو لای مزگەوتی (بن تەبەق)ی عیرفان، (مەلا ئەحمەد)ی مامم، کە لەوێ مەلا بوو، بارزانیی نەمر (موختەسەر)ی دەخوێند لێرە لە سلێمانی، واتە یەک کتێب مابوو کە تەواوی بکات لەو مزگەوتدا، ئەگینا دەرسەکانی تری زۆربەی تەواو کردبوو.

لەوکاتەدا ڕەحمەتی شێخ ئەحمەدی بارزان نەدەبینراو نەدەچووە دەرەوە، هەر لە مالەوە بوو، ئەمانیتر وەکوو بنەماڵە یا وەکوو عەشرەت کۆمەڵێک ڕێوشوێن و پەیرەو و داب و نەریتی خۆیان هەبوو، جا هەندێک کەس ئەوەی دەکەونە ناکۆکییەوە دەیکەن بە ڕەخنەو ئەوەی کە لەگەڵیاندایە دەیکەن بە شتی گەورە، بەڵام لە ژیاندا هەر بنەماڵە یا هەر کەسایەتییەک، یا هەر عەشرەتێک کۆمەڵێک ڕێوشوێن و پەیرەوی خۆی هەیەو لای خۆی چاکە، ئیتر بەو جۆردیە، بەڵام پێویستە ئەوەی من بۆ ئەوە چییە؟ شتێک کە زیانی بۆ میللەتەکە و بۆ مەسەلەکە هەبێ ئەوە خراپە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە زیانی بۆ میللەت نەبێ ئەوە چاکە، بارزانییەکان لەناو خۆیاندا کۆمەڵێک شتیان هەیە: گەورە و بچووک و ڕێزگرتن لە کەسایەتی و خودان، خودان شێخ ئەحمەدە، مەلا مستەفا ڕەنگە لە خزمەتیدا دانەنیشتبێ، هەتا شێخ نەیگوتبێ دانیشە.

شێخ ئەحمەد لای هەموویان گەورە و پیرۆز بوو، من لەنزیکەوە شێخ ئەحمەدم دیوە و لە پێشەکیی کتێبەکەی (عەزیز شەریف)یشدا نووسیومە، کە لەگەڵ ئەوەدا چووین بۆ بارزان لە کۆمەڵێک شتیشیان ئاگادارم.

مالی بارزانی لەو گەڕەکە بوون لە سلێمانی کە ئامازەم پێدا و دواتر هاتنە گەڕەکی (قاوەخانەی سەرچیمەن)، لەوێدا لە مالێکدا بوون کە ئێستاش مالەکەم لەبیرە. بە ڕۆژ بارزانی کە دەهاتە خوارێ دوو کەسی لەگەڵدا بوو لەو سەر سەکۆیەی مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوڵ دادەنیشتن، ئێواران (چا)یش لەوێ لێ دەنرا و دەست دەکرا بە دەرس خوێندن، بەڵام من ئەوکات نەمدەزانی ئەو دەرسانە چییە کە دەیخوێندن، بەڵام کە گەورە بووم لە باوکم پرسی، ئەو گوتی: (موختەسەری تەفتازانی بەلاغە)بوو، لای من (واتە باوکم)، بارزانی ئەو دەرسەی خوێندووە. بارزانییەکانی تر زۆر بوون، حکوومەت پارەیەکی زۆر کەمی ئەدانێ، ڕەنگە چەند کەسێکی ئەم شارە یارمەتی دابن، قسەی وا هەیە، بەڵام من بە بەڵگە لە لام نییە، چونکە بارودۆخی بارزانییەکان باش نەبوو، ژیانیان باش نەبوو، ڕەنگە زۆریان بە یارمەتیی خەڵکی ژیابن، بەڵام چ شێخ ئەحمەدی بارزان و چ شەخسی مەلا مستەفا، زۆر لە خەڵکی سلێمانی ڕازی بوون و مەمنوون بوون، چونکە ئەوان ڕێزێکی زۆریان لێ دەگیرا و دەزانرا ئەو بارزانییانە چێن و کێژن. جا ئیتر بارزانییەکان پێشتر نەفی کرابن بۆ تورکیا بۆ شاری (ئەدرنە) لەسەر سنووری بولگاریا، ئەوە شتێکی تری.

من جەنابی شێخ ئەحمەدم لێرە واتە سلێمانی نەبینیوە، بەڵام باوکم جارێک عەرزی کردبوو، کە حەز دەکەم (خودان) ببینم، پاشان چوو بۆ لای، ئیتر ئەو شەوە کە چووبوو بۆ لای، باوکم چەند شتێکی لێ دەگێڕانەوە، وەک پابەندبوون بە عەشیرەتەوەو ڕێز و ئیحترامێکی زۆری گەورەکانی ناوخۆیان.

خۆی مالی مەلا مستەفا عەشیرەت نین، بەڵام کۆمەڵێک عەشیرەت ئەوانیان کردووە بە گەورەی خۆیان و دەڤەرەکە، ئەوە لەناو کورددا هەیە، بەگزادەی جاف هاتوون و بوون بە گەورەی جاف، لەناو دزەییاندا هەیە، ئەوان شێخانی بارزان لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی گەورەوە، لەپێش ئەویشەوە ئەوانیان کردووە بە گەورەی خۆیان، دۆڵەمەری، میرگەسۆری و چەند عەشیرەتێکی ئەو ناوە ئەمانیان کردووە بە گەورەی خۆیان، جا ئەوە کە تۆ گەورەی عەشیرەتێکی دەبێ ڕێ و شوێنێک هەبێ بۆ پاراستنی ئەوان. ئەمان نەهاتوون ئەوە لە خەڵک و لە خۆشیان تێک بدەن، جا ئەوەی هی خۆیانە ئەوە ئاکار و داب و نەریتی خۆیانەو پیاو ناتوانێ بڵێ خراپە، لە هەمان کاتیشدا ئەمان تەنیا وابەستەی ئەو داب و نەریتەی خۆیانن و داوا ناکەن کە دەبێ خەڵک وا بکا و بە قسەی ئەمان بکا.

بارزانییەکان لە شۆڕشدا کۆنن، لە سالی 1919 شێخ ئەحمەد هێزێکی نارد‌ووە لەگەڵ بارزانیدا بۆ یارمەتیدانی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی، بەڵام فریای نەکەوتوون و حکوومەتەکەی شێخ ڕووخاوە. مەبەستم ئەوەیە کە بارزانییەکان نەفی کرابوون بۆ (ئەدرنە)، سالی1919 شێخ ئەحمەد گێڕابوویەوە بۆ باوکم و گوتی: چوومە ئەوێ، لە شوێنێکدا داوای (قورئان)م کرد و بۆیان هێنام، تەماشا دەکەم نازانم بیخوێنمەوە، چونکە بە لاتینی بوو، ئەو کاتە کاتی (مستەفا کەمال) بوو. من پێی نالێم ئەتاتورک، چونکە ئەتا تورک واتە (باوکی تورک) من بە باوکی تورکی نازانم! چونکە لە نازم حیکمەتم بیستووە کە دەڵێت: باوکی من نییە. واتا باوکی نازم حیکمەت و عەزیز نەسین و میسباحەدین عەلی نییە، با باوکی تورانی تورک بێت، بۆیە من هەرگیز نانووسم و نالێم ئەتاتورک، کە هاتبووە سەر حوکم هەموو شتێکی کردبوو بە لاتینی، تەنانەت قورئانیش، کە بە لای منەوە ئەوە مەوزوعێکی تڕە کە چاکی نەکرد، ڕۆشنبیرییە کۆنەکەیان هەمووی ون بووە، جا شێخ ئەحمەد فەرموویووی: لەو شوێنەی کە قورئانەکەم کردەوە ئیشارەتێکم دانا لەسەر ئایەتێک و چەند کەسێکم هێنا بۆیان خوێندمەوە، وەکوو یەک، ئیتر مستەفام بانگ کرد واتە (بارزانیی نەمر) گوتم: با بڕۆینەوە بۆ عێراق چیمان لێ دەکەن با بیکەن، لێرەدا کە قورئان کتێبێکی پیرۆزە وا شێوێنراوێ (جێی ئێمەی تیا نابێتەوە). ئەوان کە هاتنەوە لە شاری ناسرییەوە نەفی بوون و لە چەند شوێنێکی تر نەفی بوون، ئاخری سالی (1937 بۆ (1938 هێنایانن شاری سلێمانی، ئیتر بارزانی پاش چەند سالێک لێرەوە چووە ئەو دیو و لەویشەوە بۆ حاجی ئۆمەران و پاشان بۆ بارزان و ئیتر شۆڕشی 1943ی بەرپا کرد و ئەو شۆڕشە ماوەیەک بوو، پاشان لە 1945 شۆڕشی هەڵگیرساندەوە و دواتر لەوێوە بەڕێ کەوت بەرەو کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بۆ هاوکاریی ئەو کۆمارەو دوای تێکچوونی ئەو کۆمارەش چوونە سۆڤیەت و ئەوەش دیارە کە چییان بەسەر هات.

*** ئەو کاتەی بارزانی لە شاری سلێمانی بوو، ئەو شوێنانەی سەردانی دەکرد یا بۆی دەچوو، کێ بوون؟**

– ئەوەندەی من بارزانیم لەم شارەدا دیبێ، دەهاتە مزگەوتی (حاجی مەلا ڕەسوڵ) کە بە ناوی (پاپیرم)ەوەیە، مزگەوتی باشچاوەشیان پێدەگوت، شوێنەکەی فولکەی ئێستای (نالی)یە، کە لەم دواییانەدا ڕووخێنرا، ئەوە یادگارە، یادگاریی بارزانییەو یادگاریی دەیان مامۆستاو مەلاو مامۆستا عەلاددین سجادییە، کە ئەمە لە وڵاتانیتر بووایە نەیاندەڕووخاند و دەیانپاراست، بەڵام لای ئێمە وا نییە. ئینجا دەیانگوت: بارزانی سەردانی ئەسکەندەری ئەجزاچی دەکرد کە ئەرمەنی بوو، بەڵام داشناقیش بوو، داشناق حزبێکی قەومیی ئەرمەنی بوو، سەرەتا دژی سۆڤیەت بوون، دواییش وا نەما، ئەسکەندەر لەوان بوو، بنەماڵەیەک بوون لێرە براکانیشیم دەناسی، هاتوچۆی ئەوێی زۆر دەکرد، دیارە ئەویش ناسیویەتی ئەمە مەلا مستەفایەو چییەو کێیە؟ ئیتر بە قسەی خەڵکیش یارمەتیی بارزانی و بارزانییەکانی داوە، چونکە کاتێک بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە، سەری لە ئەسکەندەر دابوو. لە زۆر مەسەلەدا بارزانی زۆر بەوەفا بوو.

جەنابی شێخ ئەحمەد لە بارزان بوو، من چوومە خزمەتی و شێخ منی ناسییەوە و باسی (ئیسماعیل شاوەیس)ی دەکرد و پاشان باسی مالی (ڕەشیدی موختاری) دەکردو (حاجی شەریفی موختار) کە کەسایەتیی ناسراوی سلێمانی بوون، وەک بیستوومە بارزانی لە هەر لەم شارەدا سەری لە (خانەقای مەولانا) دەدا و لای (مەلا عەبدوڵلا چروستانی) دەرسی خوێندووە. من ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی دابووم، کە باسی شێخ مەحمود و شێخ لەتیفی دەکرد، دیارە هەموو ئەمانە تێکەڵیی لەگەڵیاندا هەبووە، بەڵام ئەوەی تر نازانم.

*** باسی حوجرەت کرد چ پیرەوەرییەکی ئەوکاتەت لەبیرە؟**

– بەڵێ، ئێستاش بیرمە کە لە حوجرە دەمانخوێند لە خانەقای مەولانا لە سالی (-1939 1940-1941) شێخ نەجمەدین شێخ عارف کە خزمی باوکم بوو، ئیمامی ئەوێ بوو و حوجرەی هەبوو، لەو کاتەدا دوو بارزانی لەگەڵماندا بوون و دەرسیان دەخوێند، کە ناویان (سلێمان حەکیم کانیەلنجی و خەلیل حەکیم کانیەلنجی) بوون. دیاربوو ئەوان لە بارزانییەوە نزیک بوون، ئیتر هی تریش هەبوون لەم شارەدا، بەڵام من نازانم لە کوێ بوون، دیاربوو زۆر بە هەڤاری دەیانخوێند، ڕەنگە کەسانی تریشیان هەبووبێ لە مزگەوتەکانی سلێمانیدا بوو بن، یان لە قوتابخانە بوو بن، بەڵام من ئەوەندە ئاگادارنیووم.

ئیتر کە مەلا مستەفا ڕۆیشتەوە، ئەمانیش وردە وردە مالەکانی شاری سلێمانییان جیهێشت و ڕۆیشتنەوەو دواییش چوونە مەهابادو کۆماری کوردستان.

بەڕێوەبەری ناحیەیەک لە سالی 1970 کە خۆی تورکمان بوو، باوکیشی قائیمقام بوو، خۆی ناوی (حەسیب مەهدی ساقی) بوو و شیوعی بوو، لە ناوچەی بارزان بوو، قسەیەکم لەو بیستووە دەیگوت: خانەوادەو هیچ کەسێکی بارزانی نییە سێ سال بە ڕەحەتی لە مالی خۆیدا دانیشتبێ، چونکە شۆڕش بەدوای شۆڕشداو سووتاندنی بارزان و پەرشوبڵاوبوونەوەیان و دەربەدەربیان و قوربانییان و.. هتد. هەتا خودی گوندی بارزان چەندین جار سووتێنراوە، لە کتێبەکەی (کاک مسعود)یشدا ئامازەی پێکراوە.

مەلا مستەفا کە دەیگوت: شۆڕشە، کەس نەبوو دەست نەداتە چەک و شۆڕش نەکا. جا ئەوە هەموو ژیانیان بوو. ئەو برادەردم تورکمان بوو، مدیری ناحیە بوو، کەچی هەستی لەگەڵ بارزانییەکاندا بوو، زۆربەی داب و نەریتیانی زانی بوو. ئینجا برادەرێکی ترمان هەبوو لەوێ ماوەیەک بەڕێوەبەری ناحیە بوو، پاشان بووە قائیمقام و لە شوێنی تر بووە جێگری پارێزگار، ناوی (ئەنوەر عارف بەگ) بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، ئەویش کە ماوەیەک لەوێ بوو زۆر شتیانی لە لابوو. بە هەموو حاڵێک هەردووکیان ئەو دوو برادەرەی ئێمە، ئەو ڕێوشوێنەی لەوێ پەیڕەو دەکرا، بە ڕەخنە باسیان نەدەکرد و بەڕێزەوە باسیان دەکرد. ئێستا هەست دەکرێ ئەوان کۆمەڵێک داب و نەریتی خۆیان هەبە، بەڵام ئێستا هەست دەکرێ گۆڕانکاریی هەیە، ئەوانەی لە کاردان بە ڕاستی هەست دەکرێ زۆربەی بۆشایی و شوێنەکانیان پڕ کردووەتەوە، ئەو کارەی دراوە بەوان لە حکوومەتدا، لە سیاسەتدا بە باشی توانای بەڕێوەبردنیان هەیە. هەیانە تا ئەم ساتە و تا ئەم دەورە و ئێستا ماون، جێ دەستیان، جێ پێیان لەناو بزووتنەوەی کوردد‌ا دیارە لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بۆ نموونە: کاک مسعود، نێچیرڤان و ئەوانیتریان، بەڵام مسرورم نەدیوە، باسی ئەویش دەکەن. پەیوەندیی باشیشم لەگەڵ سابیر هەبوو، پاش ڕاپەڕین کاتێک سلێمانی بە دەست کوردەوە بوو، کاک نێچیرڤان زۆربەی شەو سەری دەدام و دەهاتە لام، سیروان بارزانی کوڕی کاک سابیر دەهات بۆ لام و لەم دواییەشدا بینیمەوە بووەتە کەسێکی بەتوانا و ئەزموونی وەرگرتووە، بەڵام هەست دەکەی ڕۆژ دوای ڕۆژ پێشکەوتوون و شت فێر بوون و دەزانن هەڵسوکەوت بکەن، چ لێرە و چ کە دەچنە دەرەوەی وڵات. خۆ بیست ساڵ لەمەوبێش وا نەبوون، ئەگەر تەماشا بکەی ئەوا دەبینی کە ئەوانیش خەڵکیان هەیە بەتوانایەو دەتوانێ کاری گەورە بەڕێوەبەرێ، چ کاری حکوومەت و چ کاری حزبی و سیاسی و چ کاری عەشیرەت و چ کاری ئابووری و... هتد.

*** سالی 1965 کە لە مۆسکۆ گەڕایتەوە، چۆن گەیشتیتە ئێو شۆڕش و پێشمەرگە؟ ئەی کە گەیشتیتە لای بارزانی، بارزانی بۆ تۆی نارد‌ەوە بۆ سوریا؟**

– من لە مۆسکۆ خوێندنم تەواوکرد و دوو دکتۆرام وەرگرتووە، خوێندنی یەکەم سالی 3691 بوو پاشان لە مۆسکۆوە چوومە (بولگاریا) و ئێزگەیەکمان هەبوو بە ناوی (دەنگی گەلی عێراق)ەوە کە نهێنی بوو، خەڵک وای دەزانی لە ئەڵمانیایە، لەوێ کارم دەکرد، ئیتر لەوێ منیان بردەوە بۆ مۆسکۆ بۆ خوێندن، خوێندنی پلەی بەرزی حزب، (حزبی شیوعی)م تەواوم کرد، ئیتر دایانە دەست خۆم و گوتیان چی دەکەیت، لە کۆیوونەوەیەکدا کە بەڕێزان عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەد ئامادەبوون، گوتیان تۆ خوێندنت تەواو کرد، نیازی چیت هەیە؟ گوتم: زۆرم لا سەیرە، کاک عەزیز محەمەد ئەوەی لە من پرسی! دەبوایە من بڵێم نیازی چیتان هەیە؟ گوتیان ئەگەر بەدەست خۆت بێ؟ گوتم: دەگەڕێمەوە و من خۆم بەخشیوە بەوان و دەزانم لە کوێ کار دەکەم، ئیتر هاتمەوە ڕێیەکی ناخۆش بوو، لەبیرمە لەو سالەدا سێ جار نیتوانی قامیشلۆ و گەلاڵەم کردووە، لە قامیشلۆوە هاتینە سەر ڕووباری دیجلەو بە چووپی تایەی تراکتۆر دەپەڕینەوەو دەچووینە ناوچەی سیلێڤی و یەکسەر بۆ ناوچەی عێراق و چیای بێخێر و لەوێوە بۆ ناوی هیزڵ، لە هیزڵەوە ناردمیان بۆ (ئارمشت) کە گوند بوو، عیساسوار لەوێ بوو، لەوێوە یەکسەر بڕووسکەیەکیان بۆ بارزانی کرد، لە وەڵامدا گوتبووی پاسەوانی بکەن و بیگەیەننە جێ. ئیتر دوای چەند ڕۆژێک گەیشتمە گەلاڵەو لەوێ (کاک فەرەنسۆ هەریری)م بینی و پێمگوت: کە هاتووم بۆ لای بارزانی و چەند نامەیەکم پێیە، نامەی (قەدری بەگ و کاک عەزیز محەمەد) و چەند هەواڵێکم پێ بوو، هەر شەو هەواڵەکەیان نارد کە عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ هاتووە، من لای عەبدوڵلا ئاغا دانیشتبووم، هەر زوو شەهید فاخیر میرگەسۆری نامەیەکی بۆ ناردم، بۆ سبەی مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و فاتیح ڕەسوڵ هاتنە لام. کە چووم بۆ لای بارزانیی نەمر، کاغەزەکانم دا بە بارزانی زۆر دڵگران بوو بۆ خەڵکی سووریا، کە بەو ترس و لەرزەوە نامە دەنێرن، پێم گوت: من کوردم و لە مۆسکۆوە هاتوومەتەوە، وەک کوردێک پێشمەرگەی ئەم شۆڕشە بم، ئەگەر کارێک هەیە با بیکەم، با لە خزمەتتاندابم، ئەگەر کاریش نییە بۆ من ئەوا ڕێم بدەن با بچمەوە لای حزبەکەی خۆم. چا مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و فاتح ڕەسوڵ گوتیان بە بارزانی مەڵێ شیوعیم، گوتم: وەڵاڵا پێی دەڵێم من شیوعیم، بەڵام بە جۆرێکی وا نا یەکسەر بڵێم من شیوعیم.

بارزانی لەگەڵمدا هات و بردمیە لای عەزیز شەریف، کە ئەو هەر لەوێ بوو، بارزانی پەوی گوت: ئەوە کوڕی مەلایەکی زیرەکی شاری سلێمانییە، کوڕی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵە. لە سالی 1958 لە بەغدایش سەردانی بارزانیم کردبوو لە ئوتێل سمیرامیس، قەدری جانیشم لەگەڵ خۆمدا بردبوو، لەوێ چەند شەوێ لە خزمەتیدا ماینەوە. بارزانی ئیتر منی ناسییەوە و گوتی: لەکوێوە هاتووی بۆم باس بکە، منیش هەمووبم بۆ باس کرد، لە مۆسکۆوە و لەوێوە بۆ تورکیا و بۆ سووریاو لەوێشەوە بەرەو ئێرە، گوتی: دەڵێی ئەمڕۆ ناردوومە بەدواتدا، گوتم: فەرموو، گوتی: حازری لەو ڕێگەیەوە بڕۆیتەوە... وا تێگەیشتم بڵێ لێرە مەمێنەوە، سەرم سووڕما!! گوتم: کارێکم هەیە لەو ڕێگەیەوە بچمەوە سوریا؟ پاشان گوتی: کەسێکی عەزیزم هەیە بیگەیەنیتە سووریا، بارزانی دەیگوت: من دوو عەزیزم هەیەو خۆشمدەوێن، منیش وا تێدەگەیشتم کە (ڕەحمەتی کاک ئیدریس و کاک مسعود)بن، بەڵام ئەو دەیگوت: (عەزیز شەریف و عەزیز محەمەد)ن. لەم ڕۆژانەدا یاداشتەکانی عەزیز شەریف چاپ دەکرێت، لە پێشەکییەکەیدا کە بۆم نووسیوە باسی ئەمەم کردووە، دیاربوو بارزانی ئەوی دەناردبۆ مۆسکۆ، بە بارزانیم گوت: قوربان تا سنووری عێراق خۆت مەسئوولی، لەوەوەلا من مەسئوولم لێی، گوتی: یانی چی؟ گوتم: سووریاش هەر هی جەنابتە، بەڵام لە سنووری عێراقدا خۆت لێی بەرپرسیاری، هەر چەندە ئەو دیویش هی جەنابتانەو سووریاو قامیشلۆ مالی (دەهامی میرۆ)یەو فلان و فلانە. گوتم: تا پردی هیزڵ و دوایی دەیگەیەنمە شام، بارزانی گوتی: دەیبەیتە کوێ؟ گوتم دەیگەیەنمە مالی (قەدری بەگ) یا مالی (خالید بەکداش)، گوتی: هەردووکیان باشن. خۆت کۆکەرەوە و سبەی بڕۆن. بۆ سبەی نزیکەی بیست پێشمەرگەی لەگەڵدا نارد‌ین و ڕۆیشتین، عەزیز شەریف پیر و کەم توانا بوو، ئیتر دوای چەند ڕۆژێک گەیشتینە سەر ئاوی هیزڵ، ڕێگەی تورکیا گیرابوو، چونکە کابرایەک گیرابوو ئیعتیرافی کردبوو کە پێشمەرگە لەم ڕێگەیەوە هاتوچۆ دەکەن، ئەو کابرایە ناوی (فەقێ مووسا) بوو، ناچار لەلای هیزڵەوە سەرکەوتینەوە بۆ لای (ئارمشت) بۆ لای عیساسوار، ئەو ڕۆژە فڕۆکە بۆردمانی ئەو ناوچەیەی کردبوو، لەوێوە بەرەو چیای بێخێر ڕۆیشتین و بەرەو سوریا بەرێ کەوتین.

پاشان هەر بەو ڕێگەیەدا گەڕامەوە، من زووتر دەڕۆیشتم و گەیشتمەوە لای بارزانی و نامەی (عەزیز شەریف)م بۆ هێنا کە گەیشتووە، نامەکەشی بە شفرە نووسیبوو، ئیتر من لە دیلمان لە لای بارزانی مامەوە.

بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی بەهەیبەت و گەورە بوو، هەرگیز لە بڕیاردانداد دوودڵ نەبوو، کەسێکی زۆر بەوەفا بوو

وون بوون
ناسنامەی پێشمەرگەی یەکەی ٨٠ سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەی میری گشتی ژمارەی ناسنامە ٤١٤١٤ بەناوی سالم صباح رشید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
مديرية تنفيذ سميل
العدد / ١٣٢٤/ت/٢٠١٩
التاريخ / ٢٠١٩/١١/١٣
م/الاخبار بقرار الحجز التنفيذي
للاموال المنقولة
اسم المدين (تتر سليم اسماعيل)
نخبركم بان مديريتنا قد قررت بوضع اشارة الحجز التنفيذي على المبالغ العائدة اليك والمودعة لدى مديريتنا البالغة (٤٧٢٣٠٠٠) اربعة ملايين وسبعمائة وثلاثة وعشرون الف دينار عراقي في الاضبارة التنفيذية المرقمة (١١١٠/ت/٢٠١٨) لقاء الدين المحكوم به مع المصاريف البالغة مجموعها (٦١٧١٠٠٠) ستة ملايين ومائة وواحد وسبعون الف دينار عراقي لصالح الدائن (عارف سليمان عمر) في الاضبارة اعلاه فعليكم اداء المبلغ المذكور اعلاه خلال مدة (ثلاثة) ايام من اليوم التالي من تاريخ النشر لهذا الاخبار والا فان المبلغ المحجوز سيتم دفعه الى الدائن (المذكور اعلاه) لقاء الدين المترتب بذمتكم وفقا للقانون
المنفذ العدل
رير سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالی هەولێر
بەشی کاروباری یاسایی
ژمارە/ ١١٤٨٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٢
بۆ/ کۆمپانیای وارسۆ
ئاگادارکردنەوە
دوا بە دوای ئاگاداریان لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٨٦٠) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ وە پاش ناردنی چەندین ئاگاداری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالی هەولێرەوە بۆ پاراستنی بینای بەڕێوەبەرایەتی کشتوکالی کۆیە و مەواد کانی ناو بیناکە لە هەموو زەرەرو زیانێك ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەزووترین کات لەماوەی (١٥) ڕۆژ گەر لە ناوەوەی وڵات و (٣٠) ڕۆژ گەر لەدەرەوەی وڵاتدان هەلسن بە دەست بەکاربوون و تەواو کردنی هەموو کارە تەواو نەکراوەکانی پێشینەی پێنجەم و بە پێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەرامبەر یاسا.
بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەولێر
د. عبدالرحيم عمر مصطفى
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٩٠٥/ب/٢٠١٩/١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بریار سردار حمه سعید)
داواکار (فیصل غفور اسماعیل) داوای ژمارە (٩٠٥/ب/٢٠١٩/١) لەم دادگایە تۆمارکردووە بە داوای نۆژەن و تیك هەلکێش لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی مناوە و کامەرانی شوقەکانی هانا ستی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٢٦) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٦٢/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٧
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی شوێنی چێشتخانەی دروستکراو بە زنجیرە (١٢١) لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (٢١/٧٦١) بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی شەقلاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوازدە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ بەکرێدانی (٣٤) دوکان لە زنجیرە (١) تا (٣٤) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (١/١ ك ١٠٧ دووسەرە فتاح) ڕووبەر م٢ بۆ هەردوکانێك/ ٢٤م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ هەردوکانێك/ ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان بۆ هەردوکانێك/ ٥ ساڵ.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
* * *
سەرۆکایەتی لیژنەی
یەکەمی زەوی دەست
بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢٠١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
ئاگاداری
لەسەر داوای بریکاری هاوواڵتی (کریم عثمان درویش) پارێزەر (لطیف علی احمد) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (حاجی عثمان بن درویش بن خوشەب) بۆ (عثمان درویش وسو) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١٠٠، ١٠٢) کەرتی ٦٤/زیارەت، کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٨) کاتژمێر ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی / ١
ژمارە : ٥١٩/ ت / ٢٠١٩
بەروار : ١٥ / ١٠ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو (ئارام انور قادر) لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی (٤٣٠) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نیە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا ..
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *
دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی / ٢
ژمارە : ٣٧٠٨/ ش / ٢٠١٨
بەروار : ١٠ / ١١ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار : لورین محمد حمزه
ناونیشان : سلێمانی / باینجان –
نزیك مزگەوتی بەردەقارەمان
داوالەسەرکراو : رائد عبدالقادر زینل
ناونیشان : دهوك ناحیەی دومیز
داواکار (لورین محمد حمزه) داوایەکی بە ژمارە (٣٧٠٨/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/١٠/٦) بریاریدا بە (جیابونەوەی داوەری بە هۆکاری جێهێشتنی بێ هۆ)، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لە ماوەی یاسایيدا هەڵنەستیت بە تانە لێدانی پیداچوونەوەی بریارەکە ئەو بریارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا ..
دادوەر / د.طه عمر رشید
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٢٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەوتی / ١١/١٢/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : لقمان عبدالله افدل
ل دیف داخوازا داواکار(ایمان احمد ابراهیم) وکێشا ژمارە (٩٢٥/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نفیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٥٥٥٣) ل (٢٠١٩/١١/٧) نفیسارا هەلبژارێ تاخێ (زاگروس) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامیت ڕوژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (١١/٢٠/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨١٠/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ١١/١٢/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو: هوار عبدالسلام حبیب
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٨١٠/ش/٢٠١٩) ل ڕوژا (٢٠١٩/١٠/٢٤) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (جوان جمال ناصر) ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهدارا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهدارا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامییێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایيدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگای بەرایی کەلار
ژمارە: ٢٥٤/ب/٢٠١٩
ڕۆژ : ٤ / ١١ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ داوالەسەرکراو/ شیروان سلطان امین
بەپێی بڕیارێکی ئەم دادگایە لە ڕۆژی ١٤ / ١١ / ٢٠١٩ ، تایبەت بە داوای ژمارە (٢٥٤ / ب / ٢٠١٩) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بەپێی ڕافەی ئاگادارکەرەوەی (قەزای طوز موختاری گەڕەکی حی کوماری ، محلە شهیدان) بڕیاردرا بەپێی مادەی (٢١ / ١) لە یاسای دادبینی شارستانی کە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی ئاگادارت بکەینەوە وەبۆیە دەبێت لە ڕۆژی ٤ / ١٢ / ٢٠١٩ لەکاتژمێر (١٠،٢٠) خودی خۆتان یاخود بریکارێك لەبری خۆتان ئامادەبیت لەدادگا،ئەگەر نا دادگا داواکەدەبینێت بەپێیی یاسا.
دادوەر/ حسن احمد عباس
* * *
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٢٢٢٤
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (ئاڤاکرنا ئاڤاهیێ ناحیا کەلەکچی ل بەردەرەش) (٢٦) CODE بهایێ تەندەری ٣٠٠،٠٠٠ سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی ژ پلە ١ تا ٤.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە و دیاهیك ژڤان کرینا تەندەران ٢٠١٩/١١/٢٥.
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕۆژ (چار شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/١١/٢٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریّ دهوکێ
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/٤٦٩٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
ئامادەکردنی بەزۆر
بۆ/ ئەفسەری بنکەی پۆلیسی بەختیاری
بۆ قەرزار: احمد فاضل اسماعیل
ناونیشان: بەختیاری
پالپشت بە ئەحکامی برگەی دووەمی ماددەی (٢٢) لە یاسای جێبەجێکردن بریار درا بە ئامادەکردنی قەرزار لەم بەڕێوەبەرایەتیە بە زۆر (جبرا) بۆ هێنانی قیستەکانی مانگی ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٢٠١٩/٩ بهێنێت.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٢٦٩٧/ب/٢٠١٩/١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ایڤان قاسم محمد)
داواکار (محمد محسن ابوبکر) داوای ژمارە (٢٦٩٧/ب/٢٠١٩/١) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی بەختیاری) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/٢) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ مجید سعید برادۆستی
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (دارەتوو)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/٣
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سەروەر شیرزاد رحمان) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٣١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئیستا داندراوە لە (گوندی گردلانکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ ئارام عبدالقادر عمر
ئامێرەکان:
١- قەپانی پێوانەکردنی بارهەڵگری ڕوون ژمارە/ ٣١٣٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٥ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ٨،٠٠٠،٠٠٠
٢- ١٠ دانە تانکی گەورە (٥٤) هەزار لیتری بێ ژمارەن دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠١١ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ١٠،٠٠٠،٠٠٠
٣- ٢ دانە مزەخەی ڕاکێشان و سەرخستنی ڕوون بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٤ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ١،٠٠٠،٠٠٠
٤- ئامێری فلاش بۆ پێوانەی ڕێژەی فلاشی ڕوون بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١،٥ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ٥٠٠،٠٠٠
٥- ئامێری دیاری کردنی ڕێژەی جری ڕوون بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١،٥ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ٥٠٠،٠٠٠
٦- ٢ دانە حەزی ڕوون قەبارە ٥٠٠ تەن پلێت بێ ژمارەن دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠١١ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ٦٠،٠٠٠،٠٠٠
٧- کورەی گەرمکردنی ڕوون قەبارە ٨٠ تەن بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی نەوت نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ٨،٠٠٠،٠٠٠
٨- دوو خەزانی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ٨،٠٠٠،٠٠٠
٩- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا ژمارە/ ١٥١٢٠٣٢٠S٩٠٢ دروستکراوی سوید مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V٢٥٠ نرخی ئامێرەکە تێبینی و هاوپێچ/ ٥،٠٠٠،٠٠٠
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (هەلوی بەرز) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و پیشەسازی کەل و پەلی بیناسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (هەلوی بەرز) بۆ بازرگانی گشتی و پیشەسازی شیر و بەستەمەنی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عباس محمد سلمان) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- مقەسی بڕینی پلێت قەبارە گەورە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥.
٢- پرێسی خواركردنی قەبارە گەورە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٣- دوو لەحیم کردنی ئاسن بێ ژمارە دروستکراوی ولدن سینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤٠.
٤- لەحیم کردنی ئاسن جانتا سەفەری بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٢٠.
٥- دوو کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ *٢٥.
٦- کەتەری بڕینی ئاسن ژمارە/ ٥٣٩٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ توانای K.W٧,٥.
٧- مۆلیدەی کارەبایی کاتم سکانیا بێ ژمارە دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٢٠٠.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٤/٥٤٦٦
رێکەوت/٢٠١٩/١١/١٣
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١/٥٦٠ کە کەوتوتە ك ٢١ طوبزاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار عبدالعزیز حبیب رشید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هەلمەت حسین علی بەبڕی/ ١٠٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٥٦٠ ك ٢١ طوبزاوه
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك دێت هەر خانووەك لە دوو نهۆم پێك دێت لە خوارەوە دوو ژوور و حمام و مرافق لەسەرەوە یەك ژوور و حمام و مرافق مطبخ خانووی هەمان شێوە
٥ – رووبەرەکەی/٣٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ خێزانی قەرزار داوای مانەوەی کرد
٨ – نرخی قرساو/ ١٢٠,٠٠٠,٠٠٠ سەدو بیست ملیۆن دینار.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٤٧٠١/ش١/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/١١/١٣
جاردان
بۆ داوالێکراو (جاسم اسماعیل حسن) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٤٧٠١/ش١/٢٠١٩) وە لەرێکەوتی (٢٠١٩/١١/٦) بڕیاریدا بە (تصدیق الطلاق الخارجی) بۆ هاوسەری (نیشان حسن علی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (١٥٩ی گولان) لەشاری هەولێر بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/ دیار محمد علی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە: ٤١٩٩/ش٦/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/١١/١١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (عطیه صالح ارجمند) شوێنی دانیشتنت (نادیارە)
داواکار (امیرخان صدقی یوسف) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆماکردووە بە ژمارە (٤١٩٩/ش٢٠١٩/٦) تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (سۆران-گەڕەکی وەستا رجب) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ و رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٨ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ مازن مظفر محمد

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢٠٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر (محمد سعید عولا) بریکاری هاوولاتی (لطیف عمر قادر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (عمر بن قادر بن علی) بۆ (عمر قادر سعید) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢٣ ، ٩) کەرتی ١١/دوگردکانی حاجی مصطفی, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٨) کاروکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٣٠٤ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٣
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان/ امیر بطرس دنحا ، غیداء اکرم عودیش
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (تریزا بطرس داود) داوای ژمارە ٣٠٤/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (ابطال قیدی مولکی ژمارە ١١٧/٢٣٦ ك ٥ عنکاوە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی عشتار و حدیاب لە عەنکاوە لەبەر ئەوەی دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/٢٤ کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٦٣/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگەهداری
بۆ داوالێکەراو (صلاح مهدی صالح)
جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە
داواکار (زینە سالم احمد) داخازا ژێك جوودابوون(تفریق) ژ تە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها بغداد حی القاهرە لەورا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیین روژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١١/٢٧ ول بەروژڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٦٢/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگەهداری
بۆ داوالێکەراو (صلاح مهدی صالح)
جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە
داواکار (زینە سالم احمد) داخازێ تێدا دکەت ژ رابردو ویا بەردەوام (نفقة ماضیة ومستمرة لها ولولدها) یا خو ویا زوارکا ناکام هەر ژ ئیك (مریم ل دایك بووی ٢٠٠٥/٣/٥ ورحمە ل دایك بووی ٢٠٠٨/٩/١٨ وعبدالعزیز ل دایك بووی ٢٠١٣/٧/٢٩) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها بغداد حی القاهرە لەورا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیین روژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١١/٢٧ ول بەروژڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٣١٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڤارین) بۆ (بازرگانی گشتی و کەل و پەلی خۆراك ئابووری/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٠٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Vision) بۆ (راوێژکاری و دیراساتی جدوای ئابووری/ تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٢٤٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فرهاد کار) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل و هێنان و بردن/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (KWS) بۆ (پەروەردە وفێرکردن وپێ گەیاندن / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / هڤال احمد علی
ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٣٢٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنوردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (C.D.T.I) بۆ (خزمەتگوزاری کارگێری و تەکنیکی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠١٩٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بهتك) بۆ بازرگانی گشتی و پیشەسازی شیر و بەستەمەنی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (بهتك) بۆ بازرگانی گشتی و پیشەسازی شیر و بەستەمەنی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ریبین شیرزاد پیرداود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠١٨٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەلوی بەرز) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی و پیشەسازی کەل و پەلی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (هەلوی بەرز) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی و پیشەسازی کەل و پەلی بیناسازی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بکر خدر حمدامین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٦٥٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگەهداری
بـۆ داوالێکـراو (حلیمـە ابراهیـم علـی) جهـێ ئاکینجـی بوونـی نەدیـارە بریـار هاتـە دان ژلایـێ ڤـێ دادگەهـێ دکێشـا ژمـارا وێ ل سـەری دیارکـری ب پەسـندکرنا مـارە برینـی دەرەکـی ل ٢٠٠٠/٥/١٤ و رەچلـەك زاروکـی خـو (عبدالرحمـن) ل ٢٠٠٢/٢/٢٤ و(جنـة) ل ٢٠٠٩/١٢/١٤ و(رضـوان) ل ٢٠١١/١/٢٢ وتلاقـا دەرەکـێ (تصدیـق زواج الخارجـی واثبـات نسـب الاطفـال وتصدیـق طـلاق خارجـی) ناڤبـەرا تـەو داواکار (رمضـان حاجـی اسـماعیل) ئـەوا رودای دناڤبـەرا تـە وێـدا ل ٢٠١٤/١/١٨ وژبـەر کـو جهـێ ئاکنجـی بوونـا تـە نەدیـارە لدویـف ئاگەهداریـا هەلبژیـر وەسـتەکا قـەزا سـێمێلێ تاخـی شـەهیدان ئـەڤ بریـار بەلاڤەکـر وتـە مافـێ نەرازیبونـێ وپیداجوونـێ ل سـەر بریـاری هەیـە بـۆ مـاوی (١٠) دەھ روژا ژبەلافکرنـا روژنامـێ بەروڤـاژی بریـار دێ دوماهیـك ئیـت دەرهەقـی تـەدا ل دیـف یاسـایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣١٢
رێکەوت: ١٣ / ١١ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١١٧)
پارێـزگای هەولێـر/ بەڕێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتییەکان / کـەم کردنـەوەی نهێنـی رادەگەێنێـت بـۆ پـرۆژەی (ئامادەکردنـی خـواردن رۆژانـە سـێ ژەم بـۆ کارمەنـدان و بەندکراوانـی بەڕێوەبەرایەتـی چاکسـازی ژنـان و مندالّانـی هەولێـر) کـە (بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی چاکسـازی کۆمەلّایەتـی هەولێـر) پێـی هەلّدەسـتێت. جـا هـەر بەلّێنـدەر و کۆمپانیایـەك ئـارەزووی بەشـداربوونی هەیـە بـا سـەر لەبەڕێوەبەرایەتـی ژمێریاریـان بـدەن بەمەبەسـتی وەرگرتنـی وێنەیـەك لەتەنـدەر و مەرجەکانـی بەلّێندەرایەتـی پـرۆژەی سـەرەوە بەمەرجێـك وەرگرتنـی ئـەو تەندەرانـە دەبـێ لەنـاو زەرفێکـی مۆرکـراو دابـێ و وە ناونیشـانی بەلّێندەر یـا کۆمپانیـا لەسـەر نـووسراو بێـت و پێشـکەش بەسـکرتێری لیژنـەی کردنـەوەی تەنـدەرەکان لەدیوانـی پارێـزگای هەولێـر / کارگێـڕی خۆجـێ یەتـی بکـرێ وە دوا کاتیـش بـۆ وەرگرتنـەوەی تەنـدەرەکان کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەڕۆ رۆژی (یـەك شـەممە) رێکەوتـی ١ / ١٢ / ٢٠١٩ دەبێـت.
وە مـەرج نییـە فەرمانگەکەمـان بەنزمتریـن نرخـی تەنـدەر رازی بێـت, وە کرێـی بلّاوکردنـەوەی راگەیاندنـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە کـەم کردنـەوەی لەسـەر دەگیرسـێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیـا مۆلّەتـی تایبەتـی هەبێـت بـە ئامادەکردنـی خـواردن و نوێکـراوە بێـت.
- پشـتگیری باجـی دەرامـەت نـوێ کـراو بێـت.
- بارمتـەی سـەرەتایی بەبـری ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ بیسـت و پێنـج ملیـۆن دینـار بەشـێوەی (خطـاب ضـمان) یـان چەکـی پەسـندکراو لـە یەکێـك لـە بانکەکانـی هەرێـم.
- دەبێـت ناسـنامەی کۆمپانیـا نـوێ کـراوە بێـت و لەگـەڵ خـۆی بێنێـت و بەنـاوی خـۆی بێـت ئەگـەر بەنـاوی خـۆی نەبێـت دەبێـت نـووسراوی رێپێـدان لەلایـەن کۆمپانیـا بێنێـت.
- فرۆشـتنی تەنـدەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار کـە ناگەرێتـەوە بـۆی.
تێبینـی: هـەر کۆمپانیایـەك بـۆ مـاوەی دوو سـال لـەدوای یـەك کاری لـە چاکسـازی ژنـان و منـدالّان کردبێـت تەنـدەری پـێ نـادرێ
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٦٩/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٧
بۆ تۆمەتباری هەلّاتوو: علی جمال حسن
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی/١٤٣ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بڕیاریـدا لـە رێـگای رۆژنامـەی ناوخـۆی رۆژانـە ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە کاتژمێـر (٩)ی بەیانـی لـە بـەروارى ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێـی مـادەی یاسـایی (٤٤٦) لـە یاسـای (سـزاکان)، بەپێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی: ٨١٠/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٣
جارِدان
بۆ داوالێکراو (سوزان سعدی صدیق) شوێنی دانیشتنت نادیارە داواکار (عثـمان سـمین شـاویس) داوای ژمـارە ٨١٠/ش/٢٠١٩ لەسـەرت تۆمارکـردووە, کەتیایـدا داوای (وەرگرتنـەوەی منـدالّ دەکات) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختارەکانـی (کۆمەڵـگای شـاویس) بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە پێـت رابگەیەنرێـت بەهـۆی دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـی خـۆت یـان بریکارێکـی یاسـایی لـە دادبینـی رۆژی ٢٠١٩/١٢/١٨ کاتژمێـر (٩) بەیانـی بەپێچەوانـەوە دادبینـی پاشـەمڵە و ئاشـکرا دەرهەقـت ئەنجـام ئەدرێـت بەپێـی یاسـا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *

Crescent Petroleum

Job Vacancy	
Position Title	Procurement Officer
Direct Supervisor	Procurement Supervisor
Department	Supply Chain
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: PO/SC/Nov /19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Handle a wide and complex variety of procurement duties related to material and equipment purchases. The role requires a good technical and commercial experience in order to be able to perform purchasing activities from local and international sources.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
1. Focal point to receive Materials and Service Requests (MR), conducting procurement functions in response, following all company policy and requirements.
2. Carry out procurement function in a professional and ethical manner ensuring that all Materials Requests and deadlines are met in line with defined work-scopes and time lines.
3. Ensure all procurement activities fully comply with company's Code of Business Conduct.
4. Compile Procurement/MR documents, obtain relevant approval, and coordinate with Warehouse/Inventory Control and Supply Chain & Contracts Manager to decide on procurement.
5. Issue RFQs, bid tabulation, bid clarification, Negotiate price and delivery for the procurement of materials and award purchase orders for the supply of materials under approval with Procurement Supervisor /Supply Chain Manager.
6. Record progress on Procurement Status Report (PSR), update the relevant status in established platform form.
7. MR management including liaison with Sharjah SCM and expediting.
8. Discuss with Procurement Supervisor/SCM Manager and suppliers on performance issues and providing feedback.
9. Maintain purchase order records.
10. Upon delivery and completion of Purchase Order, close out purchase order files and archive documents under coordination with Inventory Controller/SCM Information System Supervisor.
11. Facilitate communication with end-user departments, allied disciplines and functions on procurement activities.
12. Provide support and guidance to Procurement Officer Trainees and assist with their development.
13. Local Vendor development and conducting due diligence to identify potential local source of supply.
14. Provide support and technical assistance to other members of the Supply Chain Team such as Warehouse and Inventory Control.
15. Liaison with Inventory Control / Warehouse to resolve any Supplier issues, such as OS and D's (Overages/Shortages and Damage Reports).
16. Assist with the resolution of Supplier invoice queries.

Reporting and Communication

Would be working closely with Supply Chain Team (i.e. Supply Chain & Contracts Manager, Procurement Supervisor, SCM Team Sharjah, Sr. Supervisor., Warehouse Supervisor, End-user Departments, Account Payable, Suppliers, and Contractors).

Decision–making Authority

Will be DOA for Procurement Supervisor, when required.

Working and Other Reporting Relationships	
Procurement Supervisor/ Supply Chain & Contracts Manager	Frequent/daily

Supervisory Responsibility

Supervise Trainee Procurement Officers, and must be capable and willing to mentor others

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree / Diploma certification preferably in related discipline.

Minimum Professional Experience Required

Minimum (2) years' experience as Procurement Officers in an Oil & Gas industry.

Crescent Petroleum

Special Requirements and Conditions

Excellent interpersonal skills, works well with others, is courteous and understanding of other cultures.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent proficiency in Excel and Word. • Excellent communication (written & verbal skills) in English. • Commitment to continuous learning • Excellent understanding of the company business • Self – motivated • Ability to meet deadlines • Knowledge sharing	• Ability to deal with individuals from various educational and ethnic backgrounds • Team worker • Making appropriate decisions with minimum supervision • Ability to demonstrate honesty, integrity and confidentiality • Flexibility • Alertness and attention to details Analytical skills	• Handle a wide and complex variety of procurement duties related to material and equipment purchases. • Be able to perform purchasing activities from local and international sources Extensive knowledge in projects, project planning execution and critical paths / float.

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 23 November 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Procurement Officer, Ref: PO/SC/Nov/19)

کاریگەری هونەری دیجیتاڵ لە نێو هونەریی شێوەکاری جیهانیدا



ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە زمانی هۆڵەندییەوە: ئاشتی گەرمیانی

هونەری دیجیتاڵ شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەری هاوچەرخ لەساڵی ١٩٧٠ لە سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە وە بۆتە هاوکاری کاری ژمارەیی و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە نێو کۆمپیوتەردا، تێگەیشتنێکی تایبەتی هەیە و تێڕانینێکی تایبەتی لێوە بەرجەستە دەکرێت و ڕێگایەکە بۆ کاری تێکەڵاوی و تێهەڵ کێش کردن لەگەڕەستەکانی ڕاگەیاندن و هونەردا، پێداویستەیەکانی ڕاگەیاندنی نوێ و هونەر دەخاتە بەردەستی هونەرمەندان بۆ کاری ڕاگەیاندنی بینراوی، لەساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ گەیشتنی یەکەم کەرەستەی کۆمپیوتەر کە بۆ کار ئاسانی زیاتر بەکار دەهێنرێت، لەو کاتەشدا جۆرێکی هونەری ژمارەیی هاتە کایەوە، کە هەموو هونەرمەندێک کەرەستەکانی کۆپیوتەرو چاپ کردن لەگەڵ هێماتایبەتیەکان بە دەستکەوت و دەیتوانی هەموو کارە جۆراو جۆرەکان بگۆڕێت لە وێنەی بینراوی یەوە بۆ کاری هونەری ٣ ڕوو و بەرجەستەیی، لەگەڵ ئەوەشدا هونەر لە جیهاندا ئاستێکی بەرزی بڕی لو هونەری ژمارەییدا بەتایبەت لەگەڵ هاتنی هێڵی ئەنتەرنێت،

ئەم هەڵەش بوو بە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندان کارە هونەریەکانیان لە هەموو جیهاندا نمایش بکەن و بڵاوی بکەنەوە و دەنگ و ڕەنگ و بینراوی بگاتە هەموو کیشوەرەکان، ئەمەش ڕزگار بوون بوو لە گوندە دابڕاوەکان، واتە گرێ دانی جیهان بەیەکەوە یان هەموو ڕەنگەکان و هونەرەکان بەیەکەوە، بابەتی هەڵگرتن ونااردن و کۆپی کردن و قەوارە پارێزراوی هیچ کاریگەریەک ناکاتە سەر بابەتی لەدەستدانی ئەو هونەرە بەتایبەت لە شێوەو جۆردا، لە هونەری ژمارەیدا واتە کۆمپیوتەری و دیجیتاڵ دا هونەرمەند دەتوانێت گۆڕانکاری بەسەر کارە وهنەریەکەیدا بهێنێت و جوان کاری و نمونەیی بخاتە ڕوو وە تێڕوانینی تایبەتی هونەرمەندەکەش بەرجەستە بکات و بیرو هزر تێکەڵ بە گۆڕان کاری بینەیی بهێنێت، دەمێنێتەوە، بەڵام لە کۆتادا هەر Manipulable هونەری دیجیتاڵ و ژمارەیی وەکو گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە گۆڕانکاری ڕۆژگاریدا، هونەری دیجیتاڵی و ژمارەیی وەکو پانتایەک وە وەکو تامێرێک بەکار دەهێنرێت، سەرچاوەکەش تەنها ڕێنمایەکان و بەرنامەکراوە، هیچ کاتێک ناگاتە ئاستی هونەری شێوەکاری، چونکە ئەو لەسەر بنەمای کەرەستەی ئەلکترۆنی پێشکەوتوو وە بەرنامە دانراو لە شاشەکاندا دەبینرێت، بەڵام هونەری شێوەکاری کارێکی پیشەیی و دەستی و هزرو ژیاوەیی یە، بەشێکی زۆر لە هونەری ژمارەیی و دیجیتاڵی وەکا خۆی نامێنێتەوە زۆر جار گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە ڕێگای بینەرەکانی یەوە، هەر بینەرێکیش ئەو کارە هونەریانە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر دەگۆڕن، ئەوەش لە بارە دەرەوەیەکەیدا دەمێنێتەوە، واتە ڕووبەری دەرەوەی هەیە و بەکارهێنانی ئاسانە بۆ گۆڕانکاری لە فۆرم و شێوەو داڕێژراوەکەیدا.

پرسیارێک لەو پرسیارە گرنگانەی کە مرۆ دەیکات ئەوەیە ؟ کێ هونەری ژمارەیی و دیجیتاڵی دادەنێت ! ئەوەش ئەو هونەرمەندە داهێنەرەیە کە پێتی نەهێنی بۆ دا دەنێت. بەڵام لەهەندێک کاتدا دەبێتە شێوەیەکی بینراوی وە لە کۆتایشدا هەر بە بینراوی دەمێنێتەوە، بەڵام لە ڕێگای بەکارهێنەرەکانی یەوە هەر بەکار دەهێنرێتەوە، ئەمەش وەکو نمونەیەکی زیندوو وایە کە جیاوازی بکەیت لە نێوان ئەو کارەو ئەو کەسەی کە نۆتەی مۆسیقا دەنوسێتەوە و هەمو مۆسیقا ژەنێک ئەو دەست نووسە یان نۆتەیە بەکار بهێنێت و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدات، لەو کاتەدا هەر بەکارێکی هونەری داهێنەرانەی ئەو نوسەرو داهێنەرە دەمێنێتەوە.







نمونەی کارە هونەری یە دیجیتاڵی یەکان لە جیهاندا کەلەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەبینرێت لەم کەسایەتیانە پێک هاتووە وەکو داهێنەرێک:

١.غلو پال ستی

لەساڵی ٢٠٠٢ کارێکی بەناوی سواد برۆکس دانا، ئەم کارە هونەری یە لە سێ بەش پێک هاتووە واتە سێ لا (٣ دی)وە لەهەموو چرکەیەکدا شێوەو شێوازی کارەکە دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی تر .

٢.جوهانس جیس

لەکارێکی هونەری دیجیتاڵیدا بە ناوی کومونیماج کەلە ساڵی ١٩٩٩ دروست کراوە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە ئەویش وێنەی ئەو کەسانەیە کە سەردان دەکەن بۆ مۆزەخانە یان گەلەری یەکە، شێوەو دەموو چاویان دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی تر و تێهەڵکێش دەبێت بە وێنەیەکی تر.

٣.مارتن واتنبرغ

کارێکی هونەری دیجیتاڵی کە بینەرەکە دەتوانێت لە ڕێگای بەکارهێنای ماوسەکەوە گۆڕانکاری بەسەر ئەو کارە هونەریەدا بهێنێت و لە جێگایو ڕێگای خۆشیدا دەمێنێتەوە. لە هونەری دیجیتاڵی و ژمارەییدا کۆمەڵە مۆزەخانەیەک دروست کراون وە نمایشی ئەو کارە هونەریانە بە شێوەی شاشە مرۆڤ دەیانبینێت بە شێوەی ٣ دیی و لە سێ لاوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، وەکو مۆزەخانەی هونەری ژمارەیی و دیجیتاڵی (دام) لە بنەڕەتدا ئەمە پرۆژەیەکی ئەڵمانی بوو وە مەبەستیب ئەم پرۆژەیە ڕوویەکی گشتی بداتە هونەری ژمارەیی و دیجیتاڵی جیهانی، ئەم کارەش لە سێ بەش پێک هاتووە :

قۆناغی یەکەم لەساڵی ١٩٥٦ وە بۆ ساڵی ١٩٨٦
قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٨٦ وە بۆ ساڵی ١٩٩٦
قۆناغی سێ یەم لە ساڵی ١٩٩٦ وە تاوەکو ئێستا


مۆزەخانەی هونەری کۆمپیوتەری (موکا) لەساڵی ١٩٩٤ دامەزرا لەلایەن (دون ارتشر وە بوب دودسون) لە زانکۆی وولایەتی نیورک (سونی) بەمەبەستی پەرەپێدانی هونەری دیجیتاڵی و ژمارەیی، ئەو هونەرمەندانەی کە بەشدار بوون لەم پرۆژەیەدا وە بەردەوام کاری تێدا دەکەن بریتین لە:

١. کور ارکانجیل
٢. عزیزی بلاتکایوت
٣. دیڤید هوکنی
٤.جونیتشی کاکیزاکی
٥. روائیل لوزانو هیمر
٦. فرانسو موریلیت
٧. نام یونیو بایک
٨. مارتن سجار دیجن
٩.پیتر ستریکن.

هونەری دیجیتاڵ و ژمارەیی چ کاریگەریەکی کردۆتە سەر هونەری شێوەکاری ! هەروەک لەسەرەوە باسی دروست بوون و چۆنیەتی هونەری ژمارەیی و دیجیتاڵیمان کرد .. میژووی هونەری شێوەکاری زۆر کۆن و سەرەتایی و بناغەدار تر .. بەڵام لەم سەردەمی هاوچەرخی یەدا هونەری دیجیتاڵی کاریگەری زۆری کردۆتە سەر هونەری شێوەکاری لە ڕوانگەی بینین و تێڕوانینەوە وە زۆر جار توانیویەتی هەست و ڕای خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت بەتایبەتی لە چوا چێوەی ٣ دیی دا، وە زۆر جاریش بەهاکانی هونەری ڕەچەڵەک لەدەست دەدات، واتە لە پلەی شاکاریەتی هونەرەکە کەم دەکاتەوە، هەر بۆیە دیدەکە وایە کە هونەری شێوەکاری کارێکی پیشەیی ودەستی و هزرو بیرە و تام چێزو بەهای تایبەتی خۆی هەیە .. وە کاری هونەری دیجیتاڵی و ژمارەیش هاوچەرخێتی خۆی هەیەو لەگەڵ ئەمڕۆی تەکنەلۆجیادا شان بە شانی هونەرەکانی تر لە پێشبرکێ دایە وە بێنەری تایبەتی خۆی هەیە.

سەرچاوەکان:

Digital Art voor aan de muur - Werk aan de Muur
Digitaal beheer - Stichting Digitaal KunstBeheer





سۆلین ئەسعەد:

لەمەودوا بەنیازم کاری راهێنەرایەتی ئەنجام بدەم

دیانە: سەرهەنگ نەجمەدین

یانە وەرزشییەکانی کوردستان لەم چەند ساڵەدا چەندین تیپی بەهێزی کچانیان لەخۆ گرتووە توانایەکی یەکجار زۆریان لەیاریە جۆراو جۆرەکانی نێو بواری وەرزشدا هەیە کەهەمیشە بۆ چەندین جار نازناوی خولی عێراق وکوردستانیان بەدەستهێناوە، بۆ ئەم مەبەستە بەباشمانزانی کچە وەرزشوانێکی دەڤەری ئاکرێ بەچەند پرسیارێک بەسەر بکەینەوە و سەرەتا سەبارەت بەچۆنیەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش خاتوو سۆلین ئەسعەد میرزا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بێگومان هەر لەمنالییەوە خولیای وەرزشکردنم هەبوو بەتایبەتی لەقوتابخانەکان هەموو کات بەشداری چالاکییە وەرزشییەکانم دەکرد و زۆرجاران لەکاتی پاڵەوانیەتیەکان بەهۆی منەوە ئەنجامی بەرزمان بەدەست دەهێنا، بەڵام ماوەی 8ساڵ لەیاری تۆپی پێ دابڕام و ئێستاش بەخۆشحاڵییەوە دووبارە گەڕامەوە نێو دونیای وەرزش و ئێستا لەیانەی ئاکرێ دریژە بەیاری کردن دەدەم.

ئەو کچە یاریزانە بەشداری لەخولی عێراق کردووە و ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت: لەخولی تۆپی پێی عێراق یاریم بۆ یانەی نەفت دەکرد، هەروەها لەیاری تۆپی دەستیش بۆ وەرزێک یاریم بۆ سەنحاریب کرد، دوێنێش لەشاری هەولێر بەشداریم لەخولی بەهێزکردنی ئاستی ڕاهێنەران کرد کەتیایدا بڕوانامەی ڕاهێنەرایەتیم لەلایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان پێ بەخشرا و لەمەولا کاری ڕاهێنەرایەتی دەکەم.

دواجار خاتوو سۆلین لەبارەی بەرنامەی مەشق وڕاهێنانی تیپەکەیان ئەوەی ئاشکرا کرد : بێگومان ئەم وەرزە دەمەوێت بەئاستێکی یەکجار بەرز بگەڕێمەوە یاری کردن لەیانەی ئاکرێ، هەموو هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ ئەوەی لەتوانامدا بێت پێشکەشی یانەی ئاکرێ بکەم.



ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستان

برایەتی و سۆران، دهۆک و زێرەڤانی، پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێ یاری لوتکە ئەنجام دەدەن



کارزان کانەبی

لە درێژەی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەمە لەمیانی یارییەکانی هەفتەی چوارەمی خولەکە شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانە بەرێوەبچێت، لە پایتەختی کوردستانیش یانەی برایەتی لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم جەماوەری یانەکەی میواندارای یانەی سۆرانی پێشەنگی یانەکانی کوردستان دەکات، کۆڕانی فاتیح حەمە خان دەیانەوێ پێشەنگی یانەکان لە ئەسپە ڕەشەکەی خولەکە وەربگرێت و زەنگێکی مەترسی بۆ سەرجەم یانەکان لێبدات، کۆڕانی قەزای سۆرانیش بە وردیەکی بەرز و کۆمەلێک یاریزانی وای قەزاکە لە سۆرانەوە هاتوونەتە پایتەخت بۆ ئەوەی سێ خاڵی تر لەسەر حیسابی یانەی برایەتی بەدەست بهێنن، یانەی سۆران پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی بە ریتمی یارییەکانی تر یاری بکەن و سێ خاڵی تر بخەنە سەر کۆی خاڵەکانیان بەردەوام بن لە درێژەدان بە ئەنجامە باشەکانیان هەردوو یانەش شەڕی سێ خاڵی یارییەکە دەکەن،لە پێرمام هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێرو هەندرێن لە یارییەکی بەهێزدا ڕووبەڕووی یەکتری ببەنەوە بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە بکەنە دیاری هاندەرانیان، پێشمەرگە دەیەوێت سێ خاڵ بکاتەدیاری هاندەرانیان و هەندرێنیش دەیەوێت یەکەم سەرکەوتن لەم وەرزە بەدەست بهێنێت، لە پارێزگای دهۆکیش هەردوو یانەی دهۆک و زێرەڤانی لە دێربی بادینان ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یارییەش هەردوو یانە تامەزرۆی سەرکەوتن و سێ خاڵی یارییەکەن، چونکە هیچ سەرکەوتنێکیان لەم وەرزە تۆمارنەکردوە هەردوو یانەش ئامادەکاری باشیان کردوە بۆ ئەم یارییە، لە شاری زاخۆش یانەی هەولێر دەبێتە میوانی یانەی زاخۆ لەسەر یاریگای ئەو شارە هەردوو یانە بەیەک دەگەن، یاریزانانی هەولێر بەوردیەکی بەرز هاتونەتە شاری زاخۆ بۆ ئەوەی درێژە بە ئەنجامە باشەکانیان بدەن، زاخۆش دەیەوێت لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی دەیانەوێ سێ خاڵی یارییەکە بکەنە دیاری هاندەرانیان و چەند خانەیەک بچنە پێشەوە، لە شاری سلێمانیش پایتەختی ڕۆشنبیری هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێ لە دێربی ئەوشارە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە بەدەست بهێنن، شێروانە دەیەوێت هاندەرانی بە سەرکەوتن شاد بکاتەوە و دەربەندیخانیش نایەوێ بێ خاڵ بگەڕێتەوە قەزای دەربەندیخان هەردوو یانەش بۆ سێ خاڵی یارییەکە دەجەنگن، یانەی نەورۆزیش ئەم هەفتەیە چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر2?45دوای نیوەڕۆ بەرێوە دەچێت.

-1سۆران 7خاڵ
-2سیروانی نوێ 7خاڵ
-3برایەتی 5خاڵ



گواردیۆلا باجی شۆڕن نەگرتنەوەی کۆمپانی دەدات

مان سیتی 100ملیۆن دەخاتە بەردەم راهێنەرەکەیان بۆ ئەوەی بگەنەوە لیقەرپوول





هاوار موڕتکەیی

پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری ئیسپانی لەسەرەتای وەرزی خولی ئینگلیزی ڕووبەڕووی ئالۆزیی بۆتەوە، ئەویش دوای ئەوەی بەجیاوازی 9خاڵ لەدواوەی یانەی لیقەرپوولەوە دێت.

دوای دۆڕانەکەیان بەرامبەر لیقەرپوول، گواردیۆلا پیویستی بەوەیە پێداچوونەوەیەکی پلانی ئەمسالّی هەیە و پاشگەزبۆتەوە لەوەی کە بڕیاربدابوو هیچ گرێبەستێک ئەنجام نەدات، باجێکی زۆربدا کاتێک شوینی ڤینسینت کۆمپانی پرنەکردەوە، هەروەها هەمان شێوە بەرامبەر پێکانی ئیمریک و ستۆنز.

ئیستا گواردیۆلا دەیەوێ بەو چەکانەی لەبەردەستیدایە بەکاریان بهێنی تا ئەوکاتەی دەرگای گواستنەوە دەکرێتەوە، چونکە شۆێنگرەوەی دەوێ بەتایبەتیش بۆ شوینی داڤید سیلڤا کە کۆتایی ئەم وەرزە بەندەکەی لەگەل سیتی تەواو دەبێت، هەروەها ئەگوێرۆش تەمەنی بۆتە 31ساڵ و دیار نییە کە ئەو یاریزانەش تا کۆتایی بمێنێتەوە.

لەم بارودۆخەدا ڕۆژنامەی دیلی میلی بەریتانی ڕوونی کردۆتەوە کە کارگێڕی یانەی مانچستەر سیتی بڕی 116 ملیۆن یۆرۆی خستۆتە بەردەم گواردیۆلا بۆ ئەوەی لە وەرزی گواستنەوەی زستانەی داهاتوودا لەگەڵ سێ یاریزان گرێبەست ببەستێت، ئەمەش هەوڵێکی باشە بۆ ئەوەی گواردیۆلا بتوانێت لە نیوەی وەرزی دووەمدا ریزەکانی تیپەکەی ڕێک بخاتەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە لە بەختی یانەکەی بکات بەتایبەتیش لە پارێزگاری کردن لە نازناوی خولی ئینگلیزی و هەروەها رکابەری لە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە ئەوان متمانەیان بە گواردیۆلا هەیە کە دووبارە بتوانێت تیپەکەیان هەڵسێنتەوە و پێنگی یانەکانی خولی ئینگلیزی وەرگرێتەوە.

سەرۆکی ناپۆلی

بڕیاریدا سەرجەم یاریزانانی یانەکەی بفرۆشێت

تا دێت قەیرانی ناو یانەی ناپۆلی ئیتاڵی زیاتر دەبێت و بەگوێرەی دەزگاکان ڕاگەیاندن، ئۆریلیۆ دی لۆرینتسی سەرۆکی یانەی ناپۆلی، پلانی ئەوەی داناوە کە سەرجەم یاریزانەکانی بفرۆشێت، دوای ئەوەی ئەو یاریزانانە بەرهەڵستی بڕیارەکانی ئەو سەرۆکەیان کردبۆوە.

دوای 12گەڕ لە خولی ئیتاڵیا، یانەی ناپۆلی بە کۆکردنەوەی 17خاڵ لە پلەی حەفتەمەوە دێت، ئەم ئاستە خراپەش وای لە سەرۆکی یانە کرد کە بڕیار بدات ئامادەکارییەکانی یانەکە لەشوینی داخراودا بێت بۆ ئەوەی ئاستی یانەکە بگەڕێتەوە سەر ئاستی جارانی، بەڵام یاریزانان یەرهەڵستی ئەوبڕیارەیان کرد و پشتیوانیان لە ڕاهێنەر کرد لە دژی ئەم بڕیارە، بۆیە سەرۆکی ناپۆلی تووڕە دەبێت و بڕیار دەدات یاریزانەکان هەموویان بفرۆشێت.



ئەگەر من بڕۆم کەس سەیری خولی ئەمەریکی ناکات

ئیبراهیمۆڤیچ لە لێدوانە سەرنجراکێشەکانی بەردەوامە

هەروەک پشەی جارانی، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی یاریزانی یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمریکی ناواە ناوە لێدوانی ئاگرین و سەرنج ڕاکێش بڵاودەکاتەوە کە دەنگۆی زۆر لەنێو میدیاکانەوە بەدوای خۆیەوە دەهێنێت.

دوا لیدوانی ئەم هێرشبەرە سویدیە ئەوەیە کە لەباەری خولی ئەکریکییەوە ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر ئەو لە خولی ئەمریکی بمێنێتەوە ئووا باشە بەڵام ئەگەر بیتوو ئەو خولە جێبهێڵێت، ئەوا کەس سەیری خولی ئەمریکی ناکات،

جێی باسە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ ناوی بەچەندین یانەوە پەویەست بووە لەماوەی گواسستنەوەکانی و پێشتر یاریی بۆ هەریەک لەیانەکانی میلان و مانچستەر یونایتد و ناپۆلی و بۆڵۆنیا کردووە.



کاسیاس

داوای ڕاپرسی دەکات

ئەنجامدانی یاریەکانی جامی سوپەری ئیسپانی لە سعودیە هانی کاسیاسی ئەفسانەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدریدی داوە بێتە دەنگ و لەمبارەوە قسەی خۆی هەبێت.

کاسیاس لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام پێشنیاریکی لەبارەی ئەنجامدانی جامی سوپەری ئیسپانی لە ئیسپانیا و پرسیارێکی کردووە و نوسیویەتی: جامی سوپەری ئیسپانی بڕیارە لە سعودسە بەڕێوەببێت، ئایا ئێوە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەن یان بەپێچەوانەوە، بۆ ئەمەش پرسیاری بەڵی و نەخێڕی داناوە.

تا ئێستاش 214هەزار و 251کەس بەشداری ئەو ڕاپرسییەی کاسیاسی کردووە و 64%ی لەگەڵی بوونە و 36%یش دژی وەستاونەتەوە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 14. Nov. 2019 No: (5871)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بۆ یەکەمجارە ناوچەکە درامایەکی لەو شێوەیەو بە 80 زنجیرە بە خۆیەوە ببینێت

دکتۆر نیاز لەتیف: درامای بەختە باران کارێکی تەواو جیاوازەو بینەر ناچار دەکات سەیری بکات



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

زۆر گلەیی لە نەبوونی درامای کوردی یان لاوازی درامای کوردی دەکرێت، هاوڵاتیانیش گلەیی لەوە دەکەن کە درامای کوردی بوونی نییە بۆیە بە ناچاری بینەری درامای بیانین، هەوڵ هەیە بە پێی تواناو ئەو ماددانەی لەبەر دەستن، دەرهێنەران و ئەکتەران هەوڵیان داوەو کەم تا زۆر خەریکن لەو بوارە، لەهەمانکاتدا ئەوانیش گلەیی خۆیان هەیەو باس لە هۆکاری کەمی دراما دەکەن، ئێستا لە هەوڵێکی ناوازەدا دەرهێنەری بەئەزموون (دکتۆر نیاز لەتیف) دەرهێنەری سینەمایی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی درامای بەختە بارانە، دەربارەی ناوەرۆکی دراماکە ئەو دەرهێنەرە وەڵامی پرسیارەکانی خەباتی دایەوە بەمجۆرە بۆمان دوا:



د.نیاز لەتیف



د.نیاز لەتیف لەکاتی تۆمارکردنی درامای (بەختی باران)

لە بەختە باران گرووپەکانی مافیای مادده هۆشبەرەکان لاوازن لەبەر دەستی هێزە ئەمنییەکان



دیمەنێک لە درامای (بەختی باران)

چیرۆکی درامای بەختە باران

سەرەتا دکتۆر نیاز لەتیف دەربارەی ناوەرۆک و چیرۆکی درامای بەختە باران گوتی: بەشێوەیەکی گشتی دراماکە چەند ڕەهەندی لە خۆیگرتووە، یەکەم باسی چەند کەس و گرووپ و کۆمپانیایەکی مافیا ئاسا دەکات کە چاوچنۆکانە سەرقاڵی هینانی کەلوپەلی ماوە بە سەرچوو مەوادی هۆشبەری وەکو تلیاک و ئەو شتانەن بۆ ناو کۆمەڵگا، کە لاوانی پێ لە خشتە دەبەن و چەندین باند بۆ ئەمە کار دەکات، دووەم هۆشیاری و چاوکراوەی دەزگا ئەمنییەکانە کە زۆر بە ئازایی و لێهاتویی کار لەسەر ئەم گرووپ و مافیایانە دەکەن و دەستگیریان دەکەن و گورزی کوشندەیان لێدەدەن و تۆڕەکانیان لەناو دەبەن.

275 ئەکتەر بەشدارن

دەرهێنەری دراماکە دەربارەی هەڵبژاردن و ئەکتەرەکان بەمجۆرە دوا: بە گشتی 275ئەکتەر بەشداریان لە دراماکەدا کردووە، کە لە زۆربەی ناحیەو شارۆچکەکانی گەرمیان و دوکان و سلێمانی و هەولێر ئەکتەرمان هەیە جگە لەچەند ئەکتەرێک کە بۆ خۆمان داوامان لێکردوون بەشدار بکەن، ئەوانی دیکە بە پێی ئەو ئاگاداریەی بڵاومان کردەوە ئەکتەر هاتوون و تێست کراون و هەڵ بژێردراون ناوچە جیاجیاکان و وڵاتی میسر.

دکتۆر نیاز لەتیف بەمجۆرە لەسەر شوێن و وێنە گرتنی دراماکە دواو گوتی: بێگومان لۆکەیشنەکان جیاوازن زیاتر لە 200لۆکەیشن لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وێنەی لێدەگیرێت، وە چەندین لۆکەیشن لە وڵاتی میسر وێنەی لێدەگیرێت. شێوازی دراماکە وایە کە ڕووداوەکان دابەشبووە بەسەر چەندین لۆکەیشنی جیاواز.

بۆ یەکەمجارە درامای 80 زنجیرەیی

دەربارەی جیاوازی ئەم درامایە لەگەڵ دراماکانی پێشووتر دەرهێنەری درامای بەختە باران بۆچوونی وابوو: بێگومان بە ڕاشکاوی و بێ دوو دڵی دەڵێم: درامای بەختەباران وەرچەرخانێکە لە بواری دراماو فیلمی کوردی لەڕووی ناوەرۆک و بابەت و کوالێت و توانستی ئەکتەر و زۆر شتی دیکە ، وە یەکەمجاریشە نەک لە ئێراق لە سەرجەم ناوچەکە کە درامایەکی 80زنجیرە بە دوای یەکدا بێت بە بێچڕانی بابەت، ئەتوانین بەشانازیەوە بڵێین کە بینەری کورد سات بە سات لەگەڵ دراماکەدا بێت و بێتە بایکۆتی درامای بیانی. وە دەمەوێت بڵێم لە 80%ئەکتەرەکان بۆ یەکەمجارە دێنە بەرچاوی کامێراو سەرشاشە....

دۆبلاژ بۆ زمانی عەرەبی و تورکی

دکتۆر نیاز لەتیف گوتی: درامای بەختە باران لە دەرهێنان و پرۆ داکشنی وەری میدیایە، یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی کاری دراما و پرۆداکشن ئەکات، وە بۆ ئافا تیڤی بەرهەمدەهێندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دەیانەوێت بیفرۆشن بە نێت فلێکس کە ماڵپەڕێک و تەلەفزیۆنێکی جیهانییە، تەنانەت بیریشیان لەوە کردۆتەوە کە دۆبی بخەنە سەر بۆ وڵاتانی عەرەبی و تورکی و تەنانەت بیانیش، ئەوە دەکەوێتە سەر وەری میدیایە کە هەر بۆ ئەو شوێنە دەبێت یان دەیدات بە شوێنی دیکە. ئێمە کاری وەبەرهێنان بۆ ئەوان دەکەین ئەوان سەرپشکن لەوەی چی لێدەکەن.

لە سینەما پیشان نادرێت

دەربارەی وەڵامی پرسیاری ئایا لە سینەما، نمایشدەکرێت یان بەس لە تیڤی لە چی تیڤییەک؟ دکتۆر نیاز لە وەڵامدا گوتی: بێگومان دراما یان کە ئێمە ناومان ناوە ڕۆمانی تەلەفزیۆن پەیوەندی بە سینەماوە نییە چونکە 80زنجیرە لە سینەما پیشان نادرێت و لە تیڤی نمایش دەکرێت.

باسی زانستی دەوێت

بۆ وەڵامی پرسیاری هۆکار چییە؟ کە دراماو فیلمی کوردی نەیتوانیوە چاوی بینەری کورد تێر بکات؟ ئەو دەرهێنەرە بە ئەزموونە بۆچوونی وابوو: بە بۆچوونی من چەندین هۆکار هەیە کە ئەستەمە لێرەدا بە سەرپێی بتوانین باسی لێوە بکەین و هۆکارەکان دیاری بکەین، چونکە ئەمە چەندین باس و تێزی ماستەرو دکتۆرا و باسی زانستی دەوێت لەسەری بدوێین کە هۆکار چییە؟ بینەر لە هونەری بە گشتی دووەو و کاریگەریە نێگەتیڤەکان چین وایانکردووە، بۆیە دەبێت زۆر بە وردی قسەی لە سەر بکرێت. لەگەڵ ئەوشدا لێرە بە کورتی چەند هۆکارێکی سەرەکی دەخەمە ڕوو، یەکەم نەبوونی سیناریۆیەکی زۆر مەحکەم و باش بەو شێوەیە، بەڵام من لەو بڕوایەدام درامای بەختە باران یەکێکە لەو سیناریۆیانەی کە تاکو ئێستا درامای کوردی و دەتوانم بڵێم: لەسەر ئاستی ناوچەکەش کەم بەخۆیەوە بینیوە. لە ڕووی بینای درامی و لە ڕووی ئەکتەر و لە ڕووی چنین و لە ڕووی ڕووداوەکانەوە لە ڕووی لۆکەیشنەوە، لە ڕووی بابەتەوە کە ئەمە بابەتێکی تازەیە بە لای بینەری کوردیەوە، هۆکاری دیکە، بەردەوام نەبوونی ئەکتەری کورد لەسەر نواندن و بەرهەمهێنانی فیلم، ماوەی سااڵێک کار دەکات و 8 بۆ 9ساڵ دادەبڕێت، هەروەها هۆکارێکی دیکە نەبوونی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلمە، بەخۆشحاڵییەوە ئەمەی ئۆری میدیا بۆ یەکەمجارە بە ئایەتیەوە هاتۆتە مەیدانەوە هەتا کاری بەرهەمهێنان و پرۆداکشن بکات لە درامای کوردیدا، وە خۆی بخاتە ژێر ئەرکی درامایەکی وا سەخت و گرانەوە، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە دام ودەزگا حکومییەکان و کەنالەکانی خۆمانە کەفیلمی بیانی نەکڕن و بایەخ بەفیلمی خۆمان بدەن، بەداخەوە ئێستا تۆ کار بۆ کەنالێک دەکەیت کەنالێکی دیکە ئامادە نییە بڵاوی بکاتەوە. ئەمانەو چەندین هۆکار وایانکردووە کە درامای کوردی چاوی بینەر تێر نەکات.

ساندرا

گۆرانییەک بەزمانی ئیسپانی دەڵێت



هەمزە سەرحان: ساندرا ئەلسااندرا، خاوەن هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد گۆرانییەک بەزمانی ئیسپانی بەرهەمدەهێنێت و ئامادە بوە دەکات ئەم بەرهەمەی لەوانەی ڕابردووی جیاوازترە.لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات ساندرا ئەلسااندرا ڕایگەیاند نوێترین کارم گۆرانێکی ئیسپانیە، بە ناوی Hola chicos کارێکی جیاواز لە دوو گۆرانیە پێشووم لە ڕووی کلیپ و کاری موزیک و گوتندا ،ئەو گۆرانیە پەیامێکە بۆ کوڕان کە کچان ئازا و چالاکن باوڕیان بە خۆیان کار ئەکەن ،جیاوازی نێوان پیاو و ژن نیە بۆیە ئێمەش هەین ،ئەو گۆرانیە تێکستی areoلە ئەمریکا نوسیەتی ، ئاوازی taimلە وڵاتی ئەڵمانیا کراوە ،میکس و مایستریننگ لەلایەن i wanna be djئەنجامدراوە ،ئەو کلیپە هەر وەک کارەکانی تر باوکم سپۆنسەری کردووە تێچووی کلیپەکەی دابین کردووە ،چونکە هەمیشە پاڵپشتی کارەکانی من بۆ هونەری گۆرانی گوتن ، ئەو گۆرانیە ئەمجارەم لە لایەن دەرهێنەر و فۆتۆگراف (ڕەوند جەواد) دەرهێنانی بۆ کراوە بە شێوەیکی سادە نوێ،کاری وێنەگرتنی لە لایەن عەدنان سالار بۆ کراوە ،تەواوی وێنەگرتنی لە وڵاتی ئەڵمانیا وێنەگری بۆ کراوە .خاوەن گۆرانیبێژ ساندرا، کە بە (ئەلیساندرا) ناسراوە، لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، بەڵام ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە وڵاتی سویسرا نیشتەجێیە.

ئەکاونتی دامەزرێنەری تویتەر هاککرا



لەهێرشەکانی هاکەرەکاندا ئەکاونتی تایبەتی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تویتەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەیدا بۆ ماوەیەک هاککرا. وێبسایتی بی بی سی بەریتانی بڵاویکردووەتەوە، گرووپێکی هاککەر کە خۆیان ناوناوە (دەستەی پێکەنین) هەژماری دامەزرێنەری تویتەریان بۆماوەیەک هاککردووە و بۆ ماوەی 15 خولەک تویتی نەشیاو و ڕەگەزپەرستییان بۆ کردووە.لەمبارەیەوە کۆمپانیای تویتەر ڕەتیکردەوە سیستەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە هاککرابێت و لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی: "هەژمارەکە لە ڕێگەی ئەو ژمارە مۆبایلەوە دەستی بەسەردا گیراوە کە دۆرسی پەیوەستی کردووە بە هەژمارەکەیەوە، لە ئێستاشدا ئەو کێشەیە چارەسەرکراوە".سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای تویتەر بە وێبسایتەکەی وتووە، هاککەرەکان شێوازێکی تایبەتیان لە هاککردن بەکارهێناوە کە پێیدەوترێت (ئاڵوگۆڕی سیمکارت) کە هێڵی مۆبایلەکەیان لە سیمکارتێکەوە بۆ سیمکارتێکی دیکە گواستووەتەوە.